# یەکبوون

Kurdistan

کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

APRIL : 2011 | ژمارە : ١٣ | بانەمەڕی ٢٧١١





## لەم ژمارەیە دا :


* یادی ٢٥ ساڵەی کۆچی دوایی شاعیری ناوداری کورد مامۆستا هێمن بۆ لاپەرەی ٢
* ناسیۆنالیزم ...بۆلاپەرەی ٥
* شەهیدانی کۆماری کوردستان .. بۆ لاپەرەی ١١
* یادیک لە ژنە ناوداری کورد حەپسە خانی نەقیب ... بۆ لاپەرەی ١٢
* رۆژژمێری مێژووی کوردستان مانگی خاکەلێوە... بۆ لاپەرەی ١٣
* چیرۆک بۆ منداڵان ... بۆ لاپەرەی ١٦
* تەندروستی ... بۆ لاپەرەی ١٧
* وتەی زانایان ... بۆ لاپەرەی ١٨
* پەندی پیشینیان ... بۆ لاپەرەی ١٩


سەرچاوە Serchawe

# یادی ٢٥ ساڵەی کۆچی دوایی مامۆستا هێمن مۆکریانی شاعیری ناوداری کورد

محەمەد ئەمین شێخولئیسلامی موکری ناسراو بە هێمن یان هێمن موکریانی شاعیر، نووسەر و وەرگێڕی گەورەی کورد بوو. هێمن بەهاری ١٩٢١ لە دایک بوو و ١٤ی ئەپریلی ١٩٨٦ لە ورمێ کۆچی دوایی کرد.

## سەرەتای ژیان



هەژار، هێمن و موحەممەد مەولوود مەم

هێمن کوڕی سەید حەسەنی موکری و لە بنەماڵەی مەلا جامی چۆڕی بووە. دایکی ناوی زێنەب و کچی شێخی بورهان بووە کە ئێستا بنەماڵەیەکی گەورەی موکریانن. هێمن بەهاری ساڵی ١٣٠٠ی کۆچی هەتاوی بە شەوی جێژنی بەرات لە گوندی لاچینی سەر بە شاری مەهاباد چاوی بە گەردوون هەڵێنا. بە بوونی هێمن شیری دایکی وشک دەبێ و بە شیری ژنێکی دیکە فرچک(گۆج) دەکرێ و دوای بوونی ئەو، دایکی لەشی ساغ بە خۆیەوە نابینێ.

هێمن لە رۆژگارێکدا لە دایک دەبێ کە رەزا خان جڵەوی حکوومەتی پێیە کە لاسایی ئاتاتورکی دەکردەوە. جلوبەرگی کوردەواری بە تەواوی قەدەغە دەکرێ و ئەوەندەی لە دەستی هات، سووکایەتی بە خەڵک کرد و شەپکە و تەپڵەی هێنا نێو بازاڕەوە. هێمن لەم کەش و هەوایەدا گەورە دەبێ، بەش خوراوی و کۆیلەتی ئینسان وەکوو خوێن لە مێشک ودەمار و ئێسک و پێستی دا دەگەڕێ و دەبێتە سەربەندی ژیانی.

لە کاتی منداڵیدا گوێچکە بە حەکایەتەکانی دایە مرۆت دەگرێ، کە پیرێژنێکی دنیا دیو بووە و زۆر شتی بەنرخی لێ فێر بووە. ئەلفوبێ لای سەعیدی ناکام دەخوێنێ و پێش ئەوەی ئەلفوبێی فێر بکا، بزنۆکێ و مەڕنۆکێی حوسێنی حوزنی موکریانی بۆ دەخوێنێتەوە و هێمن لە بەری دەکا و هەروەها شێعرەکانی شێخ ڕەزا و زۆر شتی دیکەی لێ فێر دەبێ و پاشان بۆ درێژە دانی خوێندن، باوکی دەینێرێتە مەهاباد و لە قوتابخانەی سەعادەتی ئەو شارە دەست بە خوێندن دەکا. هێمنێکی لادێی کە جگە لە زمانی کوردی هیچی دیکەی نەدەزانی و لەو قوتابخانەیش کەس نەیدەتوانی بە کوردی قسە بکە، منداڵان گاڵتەی پێدەکەن و پێی دەڵێن کرمانج، چونکە ئەو کاتە لە مەهاباد بە خەڵکی دێیان دەکوت کرمانج، هێمن ئەو ساڵە خوێندنی بە سەرکەوتنێکی زۆر باشەوە تێپەڕ دەکا و هاوین دەگەڕێتەوە بۆ ئاوایی و لە لای مەلای دێ و باوکی دەرس دەخوێنێ و تەمرینی نووسینی خەت دەکا. باوکی کە دەزانێ خەتی خۆش بووە، دەستی پێ لە خوێندن هەڵدەگرێ و دەڵێ: برۆ دەرسی مەلایەتی بخوێنە. هێمن کە هیچ کات خۆشی لە مەلا نەهاتووە، تووشی ئەم تاڵییە دەبێ و چوار ساڵ لە خانەقای شێخی بورهان دەخوێنێ، بەلام ئەو خوێندنە هیچ کەڵکێکی نابێ، چونکە ئەو چوار ساڵە بە گاڵتە دەباتە سەرێ و لە خانەقای شێخی بورهان کە ٨-٩ نەفەر دەبن، جگە لە هەژار و هێمن تەوای خاڵۆزا و پوورزا دەبن، پاشان دەچێتە لای مامۆستا فەوزی و رێگای ژیانی پێ نیشان دەدا و ساڵ و نیوێک لە لای ئەو دەرس دەخوێنێ.

هەژار لە پێشەکی دیوانی سەیفولقوزاتدا، بەم جۆرە باسی خۆی و هێمن دەکا:

هێمن و من دوو منداڵی کرچ وکاڵی لەڕ و قرخن، بە تەمەن دە دوازدە ساڵ بووین، لە خانەقا گەیبووینە یەک، نا خێری گیانمان دەرس بخوێنین، خویندنی چی؟ دوو گێل و حۆلی پەڕ بڵاو، لە یەک دەمدا لە لای دوو مامۆستا دامەزراین، یەکی ریش پان، لە عەرەبی شارەزایە و خەتی نییە، ئەوی دی گەردەڵ، فارسی زانە و خەتی خۆشە. جا وەرە شەق و دار بخۆ، خۆ جنێو هەر باسی ناکرێ، سوێندی کەسم لە سەر نییە، ئەگەر بڵێم تڵپاتی تەڕیش فێر نەبووین، نیسکێک درۆی تێدا نییە، ماڵم هەقە لە ترێ دزینی ناو رەزی، لە پڵار دەداران گرتن، لە راوی دووپشک و ئەسپێ و کێچ و جوجە و قوڕ شێلان و هێلکە لە هێلانە دەرهێنان، هیچ کەس تۆزی نەدەشکاندین. بۆ نەگبەتی هێمن وە شێعر هاتبوو، هەروا گارە گارەی دەهات، جار و بارە شێعرێکی نیوە و کۆڵەی خواری لاپانی دادەنا، بە فیزەوە نیشانی دەدام. یانی ها بم ناسە، من چیم، منی کلۆڵ نەمدەتوانی مێعریش بکەم.

بەو جۆرە شێعر کوتنی هێمن لە خانەقاوە سەری هەڵداوە و پێگەیشتووە. لە گوندی کولیجە لە لای سەید عەولای سەید مینە کە پیاوێکی نەخوێندەوار بووە، بەڵام زۆر زانا و تێگەیشتوو دەبێ ،ماوەیەک دەرس دەخوێنێ و بە گەورەترین مامۆستای، مامۆستا هێمن حیساب دەکرێ. تەمەنی هیمن دەچێتە سەر و بۆ ئەوەڵین و دوایین جار لە گوندی کولیجە عاشق دەبێ، عیشقێکی پاک و خاوێن و ئاسمانی، بەڵام ئەم عاشقبوونە زۆر ناخایەنێ و لێک جیا دەبنەوە و هەر لەو گوندە فێری سواری و تەقڵە و راوە کەو و کەروێشک دەبێ. ساڵی ١٣١٧ی کۆچیی هەتاوی کە تەمەنی ١٧ ساڵانە دەبێ، مامۆستاکەی گوندی کولیجە بە جێ دێڵێ و ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ گوندی خۆیان واتە شیلاناوێ کە ماڵیان چبووە ئەوێ و مل لە کار و کاسبی هەڵدەکێشێ و بە ڕۆژ خەریکی کاری کشت و کاڵی دەبێ و شەوانە خەریکی خوێندنەوە و شێعردانان، باوکی پێی دەزانێ و دەفتەری شێعرەکانی دەسووتێنێ.



## ژیانی سیاسی

هێمن، قازی موحەممەد، هەژار

هێمن، قازی موحەممەد، هەژار لە تەورێز

ناوی هێمن دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زەمانە کە لە کۆمەڵەی ژ-کاف و کۆماری کوردستاندا وەکوو پێشمەرگەیەک خزمەتی بە نەتەوەکەی دەکرد و لە نێو تێکۆشەرانی ئەو سەردەمە کە هەر یەکەی ناوی نهێنیان هەبوو، بە هێمن ناسرا و هەر وەکوو بۆخۆی دەڵێ:

من هیچم لە پێشمەرگایەتی لێ حاڵی نەبوو و هیچ کەڵکێکم لێ وەرنەگرت، تەنیا ئەو خێرەی بۆ من هەبووە، ئەویش کە ئەو ناوە دوورودرێژەی لە کۆڵ خستم.

لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١ی کۆچی هەتاوی لە شاری مەهاباد کۆمەڵەی ژ-کاف بە دەستی ڕەحمانی زەبیحی وچەند کەسی دیکە دادەمەزرێ. هێمن دەبێتە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە و شەو ورۆژ لە بیری ئەوەدا دەبێ کە چی بۆ ئەو کۆمەڵەیە بکا کە کاری ڕزگاری کوردستانە، هێمن لەو کۆمەڵەیەدا دەبێتە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری نیشتمان و دوایەش گۆڤاری ئاوات. لە ساڵی ١٣٢٤ی کۆچی هەتاوی کە لە سەر بناغەی ژ-کاف، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە رێبەرایەتی قازی محەممەد دادەمەزرێ، هێمن بۆ یەکەم جار لە مزگەوتی سووری مەهاباد لە بەرامبەر خەڵکدا شێعر دەخوێنێتەوە و دەبێتە سکرتێری هەیئەت رەئیسەی میللی دێموکڕات و دوایە لە کۆمیسیۆنی تەبلیغاتی حیزبدا دەست بەکار دەکا. لەو کۆمارەدا بۆ دانانی کتێبی کوردی بۆ فێرگەکانی کوردستان کاری کردووە، لە گۆڤارەکانی ئەودەمی حیزب وەک کوردستان، هاواری کورد، هاواری نیشتمان، گرۆگاڵی منداڵان و هەڵاڵەدا شێعر و وتاری بڵاو کردۆتەوە. لە کۆماری مەهاباددا پێشەوا شانازی پێوە کردووە و رایگەیاندووە کە شێعرەکانی پڕ مانان ودەبێ تەواوی ئەندامانی حیزب لە بەری بکەن و بیکەنە پرۆگرامی تێکۆشینی خۆیان.

هێمن هەر لە پلەی یەکەمی تێکۆشانیدا وەک شاعیرێکی نەتەویی و کۆمەڵایەتی بیر و باوەڕی خەڵکی بۆ لای خۆی راکێشابوو، چونکە هەڵبەستەکانی لە راستەقینەدا ببوونە ئاوێنەی دڵی کۆمەڵانی گەل و دەربڕی بیر و ئاواتیان. هێمن هەر لە رۆژی یەکەمی تێکۆشانی هونەری خۆیەوە بۆ خاوێن کردنەوە و پەرە پێدانی زمانی زگماکی قۆلی هەڵماڵی. هەڵبەستەکانی بە زمانێکی ساکار دەهۆنییەوە و بەزمانی گەل

سەرچاوە Serchawe



دەدوا، جا بەو بۆنەوە پێشەوا پێی سپاردبوو، کە بۆ گەلێک وشەی فارسی و عەرەبی کە لە ڕێڕەوی خەباتی سیاسیدا بە کار دەهێندرێن، وشەی کوردی پەتی بدۆزنەوە و بەکاری بێنن، هێمن بە سەرۆکی کۆمیسیۆنێک کە بۆ ئەو کارە دیاری کرابوو، دانرا، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت بە داخێکی زۆر گرانەوە کۆمار دەڕووخێ و هێمن دەڵێ:

ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە و ئەو کارەساتە جەرگ بڕە هەموو کوردێکی بە شەڕەفی خەمناک و تازیەبار کرد.

ساڵی ١٣٢٥ی کۆچی هەتاوی دایکی پێ لە کەوشان دەکا و پێی دەڵێ: دەبێ ژن بێنی، بەڵام هێمن نایەوێ ژن بێنێ؛ بەهەر جۆرێک بێ، دایکی، هێمن ڕازی دەکا و داوای برازایەکی خۆی بۆ دەکا و هێمن قەتی نەدیوە، بەم جۆرە لە٢٥ی خەزەڵوەری ئەو ساڵەدا بووکی بۆ دادەبەزێنن و هەژار لە زەماوەندەکەیدا هەڵدەپەڕێ و بەرهەمی ئەم ژن هێنانەش کوڕێک بە ناوی سەلاح دەبێ. ساڵی ١٣٢٧ی کۆچی هەتاوی وشکە ساڵی پێش دێ و ئەویش وەک خەڵکی دیکە دەکەوێتە چەرمەسەری و نارەحەتییەوە و گرانییەکی بە تەوژم ئێران دادەگرێ، زۆر کەس لە برسان دەمرن و خەڵک لەو ساڵەدا کوللێرەی جۆ و هەرزن دەخۆن.

لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ی کۆچی هەتاوی کۆبوونەوەیەک لە مەیدانی شاری مەهاباد پێک دی وهێمن شێعری دەبرۆ ئەی شاهی خائین، بەغدا نیوەی ڕێت بێ دەخوێنێتەوە. لە کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ئەو ساڵە هێمن بە تەواوی قاچاغ دەبێ و ماوەیەکی زۆر بە کێوانەوە دەبێ و ساڵی ١٣٤٤ی کۆچی هەتاوی باوکی دەمرێ و هێمن دەڵێ:


دەردی باب مردن، دەردێکی زۆر گرانە و پیاو لە هەر تەمەنێکدا بابی بمرێ، هەست بە هەتیوی دەکا.

دوو ساڵ دوای باوکی، دایکیشی دەمرێ و ئەم ڕووداوانە بە تەواوی پیری دەکا.

## لە دوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران

بۆ جارێکی دیکە هەوای نووسینی گۆڤار بە مێشکی دادێ و بەهاری ساڵی ١٣٦٤ی کۆچی هەتاوی بەردی بناغەی گۆڤاری سروە لە شاری ورمێ دادەمەزرێنێ و یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە لە سەرەتای هاوین گەیشتە دەستی خەڵک و هێمن ئەمە دەڵێ: ئومیدەوارم ئەم سروەیە هەر بێ و هەر دڵان بیبووژێنێتەوە و هەر گوڵان بگەشێنێتەوە و هەر دڵی کوردان خۆش بکا.

## بەرهەمەکان



**دیوانی هێمن بە ناوی ناڵەی جودایی (١٩٧٩).**

دیارە هێمن مردووە و لە نێومان دا نەماوە، بەڵام ئاسەوارەکانی و یادگارەکەی کاتی پیری هەر ماون و بە دیتنی ئەوان هیچ کاتێک هێمنیش لە بیر ناچێتەوە.هێمن شاعێرو زانای فەرهەنگ دۆست و تێکۆشەری ڕێگای بووژاندنەوەی کورد و فەرهەنگەکەی بوو، خاوەن بیر و تێفکرین و بیر کردنەوە بوو. هێمن دەنگی بەرزی ئازادی، ئاشتی و دێموکراسی خوازی کورد بوو. خوازیاری یەکیەتی گەلان بوو. کوردایەتی هێمن، مرۆڤایەتی بوو. شاعێری جوان پەرەست، شاعێری بابردەڵە، کە بێبەش لە ئاو وخاک و وڵاتی خۆی، پەڕیوەی سنوور و موبتەلای دەستی ڕۆژگار، پیری هەناسە سوار، دەرکراوی بە زۆر دابڕاوی یار و ئازیزانی، بولبولی بێبەش لە گوڵزار و چەمەن، بێ ئەنیس و هاودەم، عاشقی دڵ پڕ لە ئەوین و خۆشەویستی وڵاتەکەی، هەنگاو بە هەنگاو خەم بە دوای مامۆستای ئازیزەوە بوو، وەکوو سێبەری خۆی ڕۆژێک لێی جیا نەبۆتەوە و ڕۆژی شادی ڕووی لە دڵە خەمبارەکەی نەکرد، ئەو مرۆڤە بێ نازە خۆ لە ئاسن و پۆڵا دروست نەکراوە، بەڵکوو لە خوێن و گۆشتە، بۆیە پڕ بە دڵی خۆی ئەناڵێنێ و بە ئاوازێکی بە سۆزەوە ئەڵێت:

*پارچە گۆشتێکە، دڵی من ڕوو نییە ناڵە ناڵی من درەنگە زوو نییە*

لە شێعرێکی دیکەدا دەڵێ:

*شینم زۆر گێڕاوە، شادیم کەم دیوە ئەڵێن هەیە، بەلام نەمدیوە*

شاعێر، شینی یەکجار زۆر دیوە، بەڵام شادی و کامەرانی بە دەگمەنیش نەدیوە و ئەزانێ شادی هەیە، زۆر کەس لە گەڵیا ڕاز و نیاز دەکەن، بەڵام هێمنی خەمبار هەر نەیدیوە، لە لای هەر وەکوو نامۆیەکە، وەکوو دوژمنێکە، بۆ ماوەیەکی کەمیش ڕوو لەو ناکات. مامۆستای بەڕێزمان شێعرە تەڕ وناسکە جوانەکانی، زۆربەی زۆری بە خەم زاخاوە، خەم کاری زۆری تێکردووە، بۆیە بە هیچ جۆرێ ناتوانێ خۆی لە شەپۆل لابدات. هێمن شاعێری گەل ، شاعێری عیشق و ئازادی، دڵە گەورەکەی هەتا ئەو ڕۆژەی لە لێدان کەوت، بۆ گەلەکەی و ئازادی نیشتمان لێی دا.

به فەرموودەی خۆی:

*هەتاکوو دوا پشوو ڕێبواری ڕێگەی ئێشق و ئازادیم ئەگەر بێجگە لە ناکامیش نەبینم، بەرهەمێکی تر*

هێمن کە یەکێک بوو لە گەورەترین شاعێران و نووسەرانی کورد لە سەدەی بیستەمدا، لە باری پاراستن و بووژاندنەوەی فەرهەنگ و ئەدەب، گەورەترین هەقی خستۆتە سەر نەتەوەکەی، چونکە لە تاریک وروونی بەیانی ژیانیدا، بۆ خڕ کردنەوەی کۆماکانی ئەدەبی کوردەواری و ورد بوونەوە لە وشەکانی، بە کەو کردن و هەڵاواردنی غەوارەکانی و سوورکردنی خرمانی زمانی کوردی، کەوتە کار و تەنانەت گوڵ هەڵگرتنەوە و پاشەرۆکیشی بۆ خەڵکی دیکە نەهێشتەوە.

ئاسەوارەکانی مامۆستا هێمن بریتین لە:

١.تاریک و ڕوون (شێعر و پەخشان). ١٩٧٤

٢.پاشەرۆک(شێعر و پەخشان).

٣.توحفەی موزەففەرییە(فۆلکلۆری کوردی، کە کاری ئۆسکارمانە وهێمن وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی).

٤.شازادە و گەدا .

٥.قەڵای دمدم .

٦.هەواری خاڵی .

٧.چەپکێ گوڵ، چەپکێ نێرگز.

٨.ئەفسانە کوردییەکان (کاری قەنات کۆردۆ کە هێمن وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی).

٩.ناڵەی جودایی ، شیعر ١٩٧٩

١٠.پاشەروکی مامۆستا هێمن ، کۆمەڵە وتار، مەهاباد ١٩٨٣

بە ئاوارەیی و دەربەدەری توانی کتێبی ناڵەی جودایی بنووسێ، ئەگەر بە جوانی لێی ورد بینەوە، دەبینین کە ناڵە و هاوار و فیغانی دڵە، ناسۆرییە، خول دانەوە و نزا و هاوار و ئازاری ناخ و ماندوویەتی هزر و نائارامی ڕۆح و بێ تاقەتی جەستەیە بەرامبەر جودایی،جودایی لە خێزان، لە خانوو، ماڵ و گوند و گەڕەک، شاخ ودەشت و دراوسێ و کەس و کار و یادگارەکانی سەردەمی منداڵی و لانەی گەورەبوون و گەلێ شتی بە نرخی دیکە کە لە یاد ناکرێن ولە دەروون دوور ناکەونەوە

## کۆچی دوایی

هێمن لەو کەسانە بوو کە تەمەنی مێرمنداڵی و لاوی و پیری خۆی لە سەنگەری فەرهەنگ و ئەدەب و فۆلکلۆر و شۆڕشدا بەخت کرد و وەک مۆم سووتا و ڕێگای پاشەڕۆژی بۆ ڕووناک کردین. پاش دەرچوونی چوار ژمارە لە سروەی ڕەنگینی کوردستان، مۆمی ژیانی هێمن دوایین فرمێسکی هەڵوەراند و لە٢٩ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٥ی کۆچی هەتاوی بۆ هەمیشە ماڵاوایی لێکردین و لەسەر وەسیەتی خۆی لە گۆڕستانی بوداقسوڵتانی شاری مەهاباد بە خاکیان سپارد.

## چەند هۆنراوەیەکی هێمن

گوتی: ئە ی بولبولە سە رمە ستە کە بۆ خامۆشی؟ گوتم : ئە ی نە و گوڵە خۆڕسکە کە کوا دڵخۆشی؟ گوتی: ئە ی شاعیرە گە ش بینە کە بۆ ڕە شبینی ؟ گوتم : ئە ی ناسکە تە ڕپۆشە کە بۆ ڕە شپۆشی ؟

## کوردم ئە من

گە رچی تووشی ڕە نجە ڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن    قەت لە دەس ئەم چەرخە سپڵە نابەزم، مەردم ئەمن
ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردەنی پڕ خاڵ نیم    ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن
گەر لە برسان و لە بێ بەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵێم    نۆکەری بێگانە ناکەم تا لە سەرر هەردم ئەمن
من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نییە    لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دهڵێم کوردم ئەمن

## بابردەڵە

بزانە تۆ، ئەوی ئەهلی هونەر بێ
دەبێ یا دەس بەسەر، یا دەربەدەر بێ
هونەرمەند و ژیانی خۆش مەحاڵە
هونەرمەند ڕەنجەڕۆیە ژینی تاڵە
منیش بابردەڵەی بەر گێژەڵووکەم
دەمێک لەو قوڵکە تاوێک لەو چڵووکەم
منیش زۆرداری پرزەی لێ بڕیوم
منیش بەدکاری بواری لێ تەنیوم

سەرچاوە : ویکیپیدیا، ئینسایکڵۆپیدیای ئازاد



# ناسیۆنالیزم



ناسیۆنالیزم (بە ئینگلیزی: Nationalism) واتە نەتەوەییبوون (ئەو وشەیە لە زمانی فەڕەنسیی nasionalisme و لە وشەی nation کە لە بنەڕەتەوە لە وشەی لاتینیی nascor واتە (من هەم)، (لەدایک بووم) یان (هاتوومە دونیا) ـوە هاتووە. ئەوانەی کە سەر بەو باوەڕەن بە ناسیونالیست واتە نەتەوەیی ناسراون. ناسیۆنالیزم جیهانبینییەکە کە لەیەکگرتوویی تایبەتمەندییەکانی یەک نەتەوە دە جوگراٖفیاییەکی دیاریکراودا سەرچاوەدەگرێ. ناسیۆنالیزم حورمەتی فەرهەنگ و مێژووی نەتەوەیی دەگرێ و خوازیارە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بە هەموو تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە. ناسیۆنالیزم لە دەستپێکی سەدەکانی ١٧ ی زایینی لە ئەورووپا سەری هەڵدا و تا سەدەی هەژدە درێژەی بوو و دەو ماوەیەدا دامەزراندنی ئەو دەوڵەتانەی لێکەوەتەوە کە ئەورۆ ئێمە دەیانبینین و دەیانناسین. دوای شەڕی جیهانیی دووەم هاوتەریبیی ناسیۆنالیزم و مارکسیزم بوونە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئەو گەلانە کە لە ژێر دەستەڵاتی کۆڵۆنیالیستەکان (ئیستیعمار) دا بوون. سەرەڕای ئەو ڕێز لێگرتنەی نەتەوەیی و نیشتیمانی، ناسیۆنالیزم دە جەغزی گێرۆدەییەکی ئەویندارانە دا خۆدەنوێنێ، دەکرێ ناسیۆنالیزم بە لۆژیکێک بۆ گەلانی ئازار چێشتوو و پێرێخراو و پێشێلکراو دابنرێ. ئامانجی ناسیۆنالیزم بە مەبەستی هاووڵاتیی ویستن و خەڵکی خۆپاراستن دایە، هەر بۆیە ناسیونالیستەکان دەڵێن ئەوە دەبێتە هۆی یەکگرتوویەکی زۆرتر و کەمکردنەوەی چەند بەرەکی لە کۆمەڵگای یەک نەتەوەدا کە سەرکەوتوویی و ڕزگاری و بەختەوەری ئەو نەتەوەیەی لێدەکەوێتەوە. بەڵام ڕەخنەگرانی ناسیۆنالیزم دەڵێن کە ئەو خۆشەویستی و ئەوینداری نەتەوەییە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شۆوینیزم کە ناسەقامگیری ئاشتەوایی هەرێمەکەی لێدەکەوێتەوە .

تاقمێک ناسیونالیست دەدرێنە پاڵ چەمکی وەک خەڵک و گەل. لەو پەیوەندییەدا ناسیۆنالیزم لەگەڵ وشەی ڕەگەز پەرەستیی بە یەک مانا دێن. بەیەک واتا هەڵسەنگاندنی ناسیۆنالیزم و ڕەگەزپەرەستیی بەیەکەوە لەگەڵ لیبرالیزم و دەوڵەتێکی نەتەوەیی کە تێیدا یاسا حاکمە بە هەڵە لەگەڵ ئەو تاقمە کە بەنێوی خەڵکێک ڕێگایەکی چەواشەکارییان بە دوورلە نەریتی وەک ئەرک و ماف بۆ گەلێک گرتبێتە بەر بۆ وەیکە خەڵکێک بە گشتی پێی تاوانبار بکرێ لە قەڵەم بدرێن، لێرەدایە کە دەبێ ئەو تاقمە کە هەموو نەریتی مافخوازی ڕەوای گەلێک بە هۆی توند و تیژی چەواشە دەکەن لەگەڵ گەلێک بە گشتی کە داوای ڕزگاری خۆی لە ژێر دەستی دەکا جیا بکرێنەوە . ڕاهێنان و پەرە پێدانی فولکلۆر وەک بەرهەمی خۆشەویستی و نەتەوایەیی ڕەوتێکی پاش سەدەکانی ١٧ و ١٨ زایینی یە. ئەو دونیا خۆشەویستە خەیاڵاوییە لە چاوپێداخشانێک بە ڕابردوویەکی دوور وەک بنەمایەک بۆ سەلماندنی ڕاستەقینە بوون و دەستکرد نەبوونی ئەو مێژوویە دا دەبیندرێتەوە. لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا کە ئەو هەستە توانراوە ئاوێتەی ناسیۆنالیزم بکرێ، ڕاهێنان و ناساندنی فۆلکلۆر بۆتە لەنگەرێک بۆ بە هێزکردنی کۆمەڵگای ئەو وڵاتانە. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو وڵاتانەی کە بوونیان وەک وڵاتێکی سەربەخۆ لە نێوان ساڵەکانی سەدەی ١٨ دا وەک ئاڵمان، فینلاند، نۆروێژ نەناسرابوون. لەو جێیانە فۆلکلۆر وەک کۆڵەکەیەک بۆ بووژاندنەوەی فەرهەنگی نەتەوایەتی بە مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆ کەسایەتێکی بەرچاوی بوو. لە ماوەی سەدەی نۆزدە دا فۆلکلۆر هەر نەخشی ئەو کەسایەتییەی گێڕاوە و بۆتە هۆی ئەوە کە بەرهەمی ئەدەبی بکرێتە میراتێکی مێژوویی بۆ پاراوکردنی زمان لە کۆماری ئیرلەند و هەروەها لە زۆر وڵاتانی ئەفریقایی دا. بەڵام لە سوید فۆلکلۆر لە ڕەوتی ناسیۆنالیزمدا بەو ڕادەیە کەلکی لێوەرنەگیراوە. تا ئەو جێگایە هێمای ویکینگەکان و گوستاو واسا گوستاو ئادۆڵف و کارڵی دوازدە ئەو خەیاڵانەیان وەک هێمایەکی نەتەوایەتی تا ڕادەیەک بۆ هەرێم و مەڵبەندی تایبەتی وەدیهێنا. و تا ئەو جێگایە کە ئەو هێما هەرێمییانە توانیان نوێنەرایەتی تا پلەی نەتەوایەتی لە ئەستۆ بگرن، بۆ وێنە سازکردنی ڕەواڵەتێک لە دیمەنی مەڵبەندی دالارنا وەک شوێنێکی کە زۆرتر سوید بوونیان پێوەدیارە. ناسیۆنالیزم لەو وڵاتانەی کە دووڕگەن زۆرتر لە دەوری لاوژە وەک فۆلکلۆر هاتۆتە گۆڕێ ، لە ئایسلاند بە پێچەوانەوە، ناسیۆنالیزم لە سەر بنەمای ئەدەبییاتی چیرۆکی سەردەمی سەدەی ناوەڕاست وەک فۆلکلۆر هاتۆتە گۆڕێ، چونکە فۆلکلۆری باوی سەرزاران بە هێند نەگیرابوو و بە پێچەوانەوە ئەو بەیت و باوانە کراونە بنەمایەکی نزمی پلەی فەرهەنگیی.

## مێژووی ناسیۆنالیزم

ئەو ڕستانە باسی کاتی ڕسکانی ناسیۆنالیزم دەکەن . هێندێک دەڵێن کە ناسیۆنالیزم درێژەی نیشتیمانپەروریی و هاوتەمەنی مرۆڤایەتی یە ،هێندێکیش دەڵێن کە دەگەڵ ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی سەدەی ١٦ و هێندێکیش لەوە دەدوێن کە وێرای ڕۆشنگەری و شۆڕشی فەڕانسە وەدیهاتووە . ناسیۆنالیزم بوو بە چەکێک دەدەست لیبراڵەکاندا بە مەبەستی ڕووخانی سیستیمی ئیمپریالیستی کۆنی پادشایەتی و گێڕانەوەی دەستەڵات بۆ لێهاتووەکانی ناوخۆ یان خەڵکی خۆ لە ئوروپا. بە داخەوە هەر زوو ناسیۆنالیزمێکی دواکەوتوانە هاتە گۆڕێ بە پێچەوانەی شێوەیەکی پێشکەوتوانە و بە پێواری عەقڵی. ئاستەنگێ دە ناسیۆنالیزمدا بەدیدەکرێ کە ئەگەری دژایەتی کردنی تاقمێک وەک کۆ دەگەڵ فەرهەنگەکانی دیکە لە ناوخۆ یان دەرەوەی وڵاتدا بکرێ . ناسیۆنالیزم حەولی خۆڕاگرتنی دە سنوورەکانی خۆیدا دەدا تەنانەت کەمایەتییەکانیش هەر دەوسنوورەدا ڕادەگرێ . وەک فرانکۆ لە ئیسپانیا کە لەوێ دیمان چۆن باسکەکانی وەک خەڵکێکی جێواز نابووە ژێر گوشار . بۆوەیکە خەڵکی باسک دەو سنوورە بەرتەسکەدا ئاسمیلە بکا فەرهەنگ ، نەریت ، زمان ، وئاڵای ئەوانی نایاسایی لە قەڵەم دا و قەدەغەی کردن. پرەنسیپی نەتەوایەتی پرەنسیپی نەتەوایەتی پێوارێکە کە دە دابەشکردنی خەڵک دە کۆمەڵگادا بە پێی کۆلتور و تایبەتمەندییەکانی دیکەی نەتەوایەتی دەبێ لە بەرچاو بگیرێ . ئەگەرچی قەت بە تەواوی نامۆیی سیاسیشی پێوەدیار نەبووبێ ،لانیکەم بۆتە فاکتۆرێکی بنەڕەتی ئاگاهانە ،هەووەڵ دە دنەدانی جووڵانەوەی نەتەوایەتیدا کە بە جیهانبینی گشتی ناپلئۆن ناسراوە . و بەدوای ئەو ڕووداوەشدا حەول بۆ بەکردەوە تاقیکردنەوەی بە مەبەستی داسەپاندنی بۆ دەستاوێژی بۆ سەر مێژووی ئوروپادا بووە . ئاکامی ئەو ئاسەوارانە هێندێکیان بوونە هۆی یەکگرتوویی و هێندێکیشیان بوونە هۆی لێکدابڕان .ئەوەی پێشوو وەک نوێنەری ئەو بەشە لە یەک خەڵک کە دە نێوان چەند دەوڵەتاندا دابەشکراون،خۆ دەنوێنێ وەک ئاڵمان و ئیتالیا . ئەوەی دوایی نوێنەرایەتی ئەو بەشە دەکا کە چەند خەڵکی جێوازن و دە یەک دەوڵەتدا کۆکراونەوە ، وەک ئوتریش ، مجارستان ،ڕژیمی شایەتی لە دانمارک و تورکییە . کاتێک ئاستەنگ بۆ هەووەڵی یان دووهەمی بەنێوی لێککۆکردنەوەیەکی نەتەوایەتی یان یەکدەستکردنیان ، کەسایەتی دەستەڵاتدارلەو وڵاتە دەبتە لاولاوەی یەکگرتوویی وەک پرنسیپی نەتەوایەتی ، دیارە کە ئەوە هێزێکە بۆ دەنە دانی بزاوی شۆڕشگێڕی دژ بەو لێک کۆکردنەوەیە . لە دەرفەتی هەڵکەوتووی ئەو بیرە نەتەوایەتییەدا زۆر سیاسەتوانانی سەدەی ١٨ لەوانە ئوتوو ڤون بیسمارک لە ئاڵمان و کامیللا لە ئیتالیا توانیان لە هەل ومەرجێکی وەک دەنگدانی گشتی کە یەکێک لە پرنسیپەکانی ناپلیونی بوو ،وەک شەرتێک بۆ دیاریکردنی جوغراٖفیای نەتەوایەتی کەڵک وەرگرن وتێدا سەرکەوتووش بوون . دەستەواژە بۆ ئەو شەرتە ڕەوایە دەرووبەڕووکردنەوەی نەتەوە دەگەڵ تایبەتمەندییەکانی سیاست دا ، پرنسیپەکانی نەتەوایەتی خەوشهەڵگرترە کە یان لە لایەن خەڵکی سەردەستی دەستەڵاتدار تاڕادەیەکی زۆر لە ژێر نێوی چەمکی هاونیشتیمانی بە مەبەستی تواندنەوەی خەڵکی بچووکتر و کەمایەتییەکان دە نێو خۆیاندا ،کە کراوە و وێستراویشە بۆ پێکهێنانی هەلومەرجی جێبەجێکردنی لە ژێر نێوی panslaviska rörelsen (بزاوی بە دیلکردن ) بۆ نموونە بە درێژایی دەستەڵاتداری رووسەکان ، یان دە سەرکوتی هەستی نەتەوایەتیدا یان بێ هەڵوێستکردنی ئەو هەستە بە مەبەستی کەلکوەرگرتنی سیاسی لە پێکەو ژیانی ئەو خەڵکە جێوازانە . جار وبار پرنسیپە نەتەوایەتییەکان وەک کەرەسەیەک کەلکیان لێوەرگیراوە ، ئەگەرچی مەبەستێک بووە کەم یان زۆرعادڵانە بەڕێوە چووە ،بەڵام تا ڕادەیەک یش ئاوێتەی بێعەداڵەتی بووە جا نەک هەر دەگەڵ ئاڵمان بگرە دەگەڵ ئەو هەرێمانەی کە هی دانمارکییەکان بووە لە schleswig-holstien ولە دانیمارک جوێکراونەوە .

## لیبراڵ ناسیۆنالیزم

لیبراڵ ناسیۆنالیزم چەشنێک لە ناسیۆنالیزمە کە دەو دوایانەدا لە لایەن فیلسوفەکانی سیاسەتوان پشتیوانی لێکراوە و سەلماندوویانە کە وەک دەڵێن دژایەتی دەگەڵ خەڵکی دیکەی پێوە دیار نییە بە تایبەت ئەگەر دەگەڵ نەریتی لیبراڵەکان وەک ئازادی ، تەحەممول ،یەکسانی ، و مافی تاک ئاوێتە بکرێ. ernest Renan (١٨٨٢) و john stuart Mill(١٨٦١) کە خۆیان وادیاربووپێشوولە

ناسیوناليستەكان بوون . ليبراڵ ناسیونالیستەکان ئەغلەب لە بایخەکانی نەتەوایەتی دیفاع دەکەن و لە سەر ئەو باوەڕەن کە هەر نەتەوەیەک دەبێ پێناسەی نەتەوایەتی خۆی بێ تا بتوانێ وەک مرۆڤێک کە خاوەن هەموو تایبەتمەندییەکانی خۆیەتی بژی . ژیانێکی سەربەخۆ کە لیبراڵ دیموکراتەکان داوای دەکەن بۆ پێناسەی نەتەوایەتی بە مەبەستی وەگەڕکەوتنی کۆمەڵگایەکی بێ تیکهەڵچوون و تەنگژە بە پێویست دەزانن.

### پەرگە:تێبینی وەرگێڕ

١;(با بزانین شۆوینیزم ،ئەو وشە لە کوێوە هاتووە . دە زەمانی ناپلئۆن دا فەرمەندەیێکی نیزامی لێهاتوو بووە بە نێوی nicola chauvoni کە دە شەڕەکان دا نیشتیمان پەروەرێکی یەکجار زۆری لە ڕاست فەڕانسە لەخۆی نیشانداوە و لەودەمەوە ئەو وشەیە سەریهەڵداوە و بەدوای شەڕی دووهەمی جیهانی دا لە لایەن ستالینیستەکان کراوەتە تاوان بۆ ئەو گەلانەی کە داوای سەربەخۆیی یان دەکرد ، و لە لایەن چەپەکانی گەلی سەردەست لە ئێرانیش کراوەتە تاوانێک دە فەرهەنگی سیاسیدا ). تێبینی وەرگێڕ٢: هەر ئەوەی ئێستا کە دەرحەق بە گەلی کورد لە سێ بەشی داگیرکراوی کوردستان واتە ئێران ،تورکییە ،سوورییە دەکرێ کە کەس ئەو داگیرکەرانە بە شۆوینیزم ناناسێ بەڵام بزاوی ڕزگاری خوازی کورد بە ناسیۆنالیزم ئەویش وەک تاوان لە قەڵەم دەدرێ.

Ernest Renaن( ١٨٢٣/٢/٢٨__١٨٩٢/١٠/١٢) یەکێک لە فیلسوفە بە ناوبانگەکانی. فەڕانسەیە کتیبێکی بە نێوی(ژیانی مەسیح) دە ساڵی ١٨٦٣ دا نووسیویێ ،ئەو کتێبە بوو بە هۆی دەمەقرەیەکی زۆر لەمەڕ وەیکە دەو کتێبەدا مەسیحی وەک ئینسانێکی مێژوویی نەک وەک کوڕی خودای و کتێبی ئینجیل یشی بە کتێبێکی هاسایی وەک هەموو کتێبەکانی دیکە کە سەرچاوەیەکن بۆ مێژوو ناساندبوو کە ڕەخنەگرتنی لێیان بە ڕەوا دەزانی ،کە هەر ئەو هەڵوێستە بوو بە هۆی تووڕەبوونی دەستەڵاتدارانی کلیسای کاتولیکەکان .بەڵام بەناوبانگ بوونی Renan زۆرتر دەگەڕێتەوە سەر تاریفی ئەو لە nationواتە نەتەوە کە ئەو دە کتێبێکی خۆیدا بەنێوی "Ques-ce quune nation" دە ساڵی ١٨٨٢ دا دژ بە تاریفی ئاڵمانی لە nation کە لە سەر بنەمای وەک ڕەواڵەت ، زمان ، نووسراوە ، لە جیاتی بایخدان بە ویستی ژیانی هاوبەشی وەک شەرتی پێویست و میعیار .بابەتەکە لە پێداویستییەکان سەردەم بوو چون ئەو لە جێگایەکی بە نێوی Alsace Lorraine دەژیا کە لەو شوێنە کێشەیەک هاتە پێش و بەدوابەدوای ئەوکێشەیە ئەو هەستی بە بوونی چەمکێک بە نێوی نەتەوەی کرد کە دوایەش سەلمێندرا. ئەو کێشەیە لە سەرهەرێمێک بوو کە دەنێوان شەڕی ئاڵمان و فەڕانسە دا دەساڵی ١٨٧٠-١٨٧١کە فەڕانسە دەپەیماننامەی ئاشتەوایی فرانکفۆرت دا دابووی بە ئاڵمان بەڵام دە پەیماننامەی ئاشەوایی وێرسادا دە ساڵی ١٩١٩ دراوە بە فەڕانسە . نەتەوە بریتییە لە کۆی ئینسانگەلێک کە هۆی یەکگرتوویی و هاوبەشییان فاکتۆرگەلێکن وەک زمان ، دین ،نیژاد، مێژوو ،فەرهەنگ، نەریت و دابی کۆمەڵایەتی . نواندنی ڕاشکاوانەی نەتەوە ،ناسیۆنالیزم یانی نەتەوەیی بوونە . دە قسەی سەرزارانی ڕۆژانەدا وشەی نەتەوە مانا ومەبەستی وشەی شتێکی لە گوێن ژئۆپۆلیتیک واتە( وڵات بە مانای سیاسی وشەکە یان دەوڵەت بە مانای جوغرافیایی وشەکە ) کە خەڵکێک خۆیانی پێ پێناسە دەکەن .دەوڵەتێکی لە سەر بنەمای نەتەوە پێکهاتبێ بە دەوڵەتێکی نەتەوەیی دەناسرێ.

### شێوەکانی جۆراوجۆر لە ناسیۆنالیزم

دەکرێ ئاماژە بەجێوازی ئەو دوو پرنسیپەی کە ناسیۆنالیزمی بەڕێوە دەبا بکەین .یەکیان ius sanguinis واتە ناسیۆنالیزمی (خوێنی) کە باسی نەتەوە وەک یەک فەرهەنگی یەکگرتوو کە لە ڕەوتێکی دوور و درێژی مێژوویی یان خزمایەتی یەوە سەرچاوە دەگرێ ، دەکا ، هەڵبەت ئەو بۆچوونە ناسیۆنالیزمی تەخەییولی ئاڵمانی یە ، و لە بەرابەر ئەو پرنسیپە نەتەوایەتییە دادەنرێ کە ناسیانالیزمی (خاک و هەرێم )ius solis کە دەڵێ نەتەوە بریتییە لە دانیشتوانێک بە بێ لە بەرچاوگرتنی ڕابردوویەکی وەک نیژاد ،وابەستەگی . ئەو پرنسیپە ڕیشەی دە فەلسەفەی چاخی ڕۆشەنگەری فەڕانسەدایە کە سەر بە نەتەوەیەک بوون و مافی شارۆمەندی وێڕای هەرێم بە بنەما دەزانێ . هەر نەتەوەیەک دە هەلومەرجی تایبەتدا هەڵگری هێندیک لەو دوو پرنسیپانە دەبن و دە نێوان ئەو دوو پرنسیپانەدا دەهاتوچۆدان جا بۆیە دەبێ لە هەر وڵاتێک بە پێ هەلومەرجی خۆی دە دانانی یاسای شارۆمەندیدا ئەوانە بە وردی و سرنجەوەلە بەرچاو بگیرێن . ئەو پرنسیپە سەرەکییانە دەکرێ ببنە دەستەواژەیەک بە شێوەگەلی جۆراوجۆر . ناسیۆنالیزم دەتوانێ خۆی وەک بەشێک لە بیر وباوەڕی فەرمی دەوڵەت یان بزووتنەوەیەکی خەڵکی بنوێنێ ،و دەتوانی جەخت لە سەر شارۆمەندی ، نیژاد، فەرهەنگ ، مەزهەب یان مەسلەکی خۆی بکاتەوە. ئەو بۆچوونە خۆماڵییانە لە چەمکی نەتەوە مەبەستی کلاسەکردنی ناسیۆنالیزمی جۆراوجۆری پێوەدیارە . بزووتنەوەی ئەو چین و توێژانە وەک نەتەوەیەک یان بزووتنەوەی چەند نەتەوە ئاوێتەی چەند یان هەموو ئەو دەستەواژانەن بەڵام دە پلەی جێواز دا. بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی یش دەتوانرێ بە پێی بنەمای دیکە کلاسە بکرێ ،بۆ وێنە بە پێی چەندایەتی و چۆنایەتی و شوێنی بزووتنەوەکە . تاریفی جۆراوجۆر لە ناسیۆنالیزم وەبەرچاودەکەون ،بە تایبەت کاتێکی بەرژەوەندی سیاسی دە پەیوەندی دەگەڵ ناسیۆنالیزمدا بە مەبەستی بەرز نەرخاندن یان لە بەر چاو خستن و بە دزێو ناساندنی ئەو بزووتنەوەیە دێتە گۆڕێ. هێندێک لە تیئۆریسیەنەکان دەڵێن کە جێوازییەکانی نێوان هەموو جۆرە ناسیۆنالیزمێک قەڵبن . پێیانوایە دە هەموو شێوەکانی ناسیۆنالیزمدا دانیشتوان هەڵگری جۆرێک لە فەرهەنگی هاوبەشن و ئەو فەرهەنگەش قەت ناکرێ لە نیژاد جوێ بکرێتەوە. لەئەمریکا بۆ نموونە "چاکە" (کاری باش )کە دە بەیتەکاندا وەبەرچاودێن کە وەک فەرهەنگێکی دادوەرانەی باشوور لێیدەدوێن ،.ئەمریکا جۆرێک تیئۆری لە مەڕ ئامریکایی بوون هەیە کە بە nativism واتە (کە لە دایک بووی دەگەڵتە) ناسراوە ،و دە ماوەیەکی کورت دە ساڵەکانی ١٩٠٠ دا لێژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر چالاکی غەیرە ئەمریکاییەکان بە پێی ئەو تیئۆرییە پێکهات.

### ناسیۆنالیزمی شارۆمەندانە

ناسیۆنالیزمی شارۆمەندی یان ناسیۆنالیزمی شارۆمەندانە خۆی یەک چەشنە ئاڵترناتیوە بۆدەوڵەتێکی نەتەوەیی کە دەو ناسیۆنالیزمەدا دەوڵەت پێناسەی سیاسی خۆی لە بەشداری چالاکانەی شارۆمەندان وەردەگرێ ، تا ئەو جێگایە کە ئەو دەوڵەتە بتوانێ نوێنەرایەتی" ویستی خەڵک " بکا . ئەندامی ئەوتۆ نەتەوەیەک دە پرنسیپی"ius solis "واتە ناسیانالیزمی(خاک و هەرێم) دا خۆی دەبینێتەوە .ناسیۆنالیزمی شارۆمەندانە ئاوای بۆ دەچن کە ئەغلەب بنەماکەی لە Jean Jacques Rouseauبە تایبەت دە تیئۆری لە مەڕ بەڵێننامەی کۆمەڵگا کە ئەو نێوەشی لە کتێبەکەی بە نێوی ( لەمەڕ بەڵێننامەی کۆمەڵگا )وە وەرگرتووە . ناسیۆنالیزمی شارۆمەندانە ئاوێتەی نەریتی لیبراڵیزم و عەقڵگەرایی یە ئەو چەشنە ناسیۆنالیزمە دەگەڵ ناسیۆنالیزمێکی کە بنەمای نیژادی ببێ جێوازیان هەیە . دە نێو ئەو نەتەوانەدا کە بە بنەمایان ناسیۆنالیزمی شارۆمەندانەن ، بوونی ئینسانگەلێک بە نیژادی جێواز و فەرهەنگی جێواز کە لە نێو ئەو نەتەوەیەدا لە دایکیان بوون یان دانیشتوانی نێو ئەو سنوورەن وەبەرچاو دەکەون . شارۆمەندی دەو وڵاتەدا شتێکە ئارەزوومەندانە .بیر وباوەڕی ناسیۆنالیزمی شارۆمەندانە ئاسەواری بە سەر پەرەسەندنی دیموکڕاسی و گەشەکردنی کۆمەڵگای وەک ئەمریکا ، فەڕانسە وە دیارە . Jakobiner تاقمێک بە نێوی یەعقوبییەکان کە لە سەردەمی شۆڕشی فەڕانسە لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە دەبێ دەوڵەتی یەکدەست و بەناوەندێکی بە هێز بۆ فەڕانسە بێتە کایەوە لە سەر بنەمای ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی ، هەر ئەو بیر وبۆچوونەی کە لە تورکییەی سەردەمی ئاتاتورک بە نێوی ناسیۆنالیزمی تورکەکەمالیستەکان هاتە کایەوە .

### ناسیۆنالیزمی نیژادی

ناسیۆنالیزمی نیژادی یان ناسیۆنالیزمی نیژادییانە، لە دەوڵەتێک کە لە سەربنەمای نیژاد دامەزرابێ دەدوێ ، لەودا نیژاد هەمیشە بە شتێک لێکدەدرێتەوە کە سەرچاوەکەی لە جیلی پێشووی خۆی واتە باب وباپیران دەستپێدەکا (ius sanguinis) واتە ناسیۆنالیزمی خوێنی .ئەو هەروەها هەڵگری ئەو بیر و باوەڕەشە وەک فەرهەنگی هاوبەشی خۆی دەگەڵ باب وکاڵ وپێشینیانیان ،وەهەروەها زمانی هاوبەش . ئەندام بوون دەو نەتەوەیەدا وادیارە وەک میراتە . دەوڵەت پێناسەی سیاسی خۆی لە نوێنەرایەتی وەڵاتیک بۆ ئەو نیژادە ،وەردەگرێ . ولەشێوەی کاری خۆی وەک مەبەستێک بۆپاراستنی پێناسەی نەتەوایەتی و پشتیوانی لە فەرهەنگ و ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو دەستە و تاقمە کەلک وەردەگرێ .بیر و بۆچوون لە سەر نیژاد زۆر کۆنە ، بەڵام ناسیۆنالیزم نوێی نیژادی زۆر ئاسەواری Johan Gottfried von Herderکە چەمکی "das volk" خەڵک " ی هێنایە گۆڕێ وJohann Gottlib Fichte پێوە دیارە. ڕەوتی ناسیۆنالیزمی نیژادی ئێستا باوە و زۆر بە ئاسایی بە ناسیۆنالیزم دەناسرێ . ناسیۆنالیزمی ئاڵمانی سەدەکانی ١٨و تادوایی شەڕی دووهەمی جیهانی ناسیۆنالیزمێکی نیژادی تەخەییولی بوو . دە سەدەی ٣٠ و ٤٠ نازیستەکانی ئاڵمان ناسیۆنالیزمێکی نیژادپەرەستانەیان پەرەپێدا . لە ژێر درووشمی "یەک وڵات " "یەک نەتەوە " "یەک ڕێبەر " تێکەڵاوی نازیسم و نەتەوە و نیژاد و سیاسەتی بەڕیوەبەرایەتی لێکەوتەوە .ناسیۆنالیزمی نازیستانە لە سەر بنەمای سوسیال داروینیزم و بیرۆکەی بێزاری لە نەتەوەکانی دیکە دامەزراوە. تیئۆریسیەنAnthony D. Smith چەمکی "ناسیۆنالیزمی نیژادی " بۆ ئەوانەی وا کە لە ڕوانگەی ڕۆژاواییەکانەوە ناڕوانە ناسیۆنالیزم دەکاری دەکرد . بە پێچەوانەی ڕوانینی ڕۆژاواییەکان کە ناسیۆنالیزم وەک پێناسەیەک بۆ هەرێمی جوغرافیایی خۆیان تاریف دەکەن . دەستەواژەی"etnonationalism"هەر بۆ ئەو ناسیونالیستانەی دەکار دەکرد کە هەڵگری باوەڕی ناسیۆنالیزمی نیژادین "etnisk nasionalis " ،و نوێنەرایەتی ئەو هێڵە بەرینەن کە وەک باوەڕێکی نافەرمی شاراوە و غەریزی یە. ئەو شێوە بە ناماقووڵە هەر تکیان دەگرێتەوە هەم

سەرچاوە Serchawe

ناسیۆنالیزمی نیژادی و هەم ناسیۆنالیزمی قەومی ، سەرەڕای وەیکە ناسینولیزمی قەومی دەتوانی هەڵگری ناوەرۆکێکی ماقووڵانە بێ وەک باسی ئەفریقاییەکان ، ئەمریکاییەکانی بە ڕەگەزئوروپایی ، یان ناسیونالیستەکانی دیکە کە زۆر ڕاشکاوانە بۆ دابینکردنی پێناسەی نەتەوایەتی خۆیان چالاکن .

## ناسیۆنالیزمی ڕۆمانتیک

ناسیۆنالیزمی تەخەییولی یان ڕۆمانتیک ( ناسیۆنالیزمی پێناسە یان ناسیۆنالیزمی ئورگانیک ) ئەو چەشنە لە ناسیۆنالیزمی نیژادی یە کە دەوڵەت پێناسەی خۆی لە ئاکامی ڕەوتی سروشتی نەتەوەیی یان نیژادی وەردەگرێ .ئەوەش کاردانەوەیەکی باوەڕی خەیاڵی یە کە بە پێچەوانەی بنەما و مەنتیقی چاخی ڕۆشنگەری‌ئوروپایە یە . ناسیۆنالیزمی خەیاڵی مێژوویەکی فەرهەنگی نیژادی کە دابینکەرەوەی باوەڕگەلی ئەویندارانە بوو،بەدەستەوەیدا. Brö derna Grimm بە ئیاهام لە نووسراوەکانی Herder دەستیان دایە هێندێک نووسراوەی ڕۆمانتیکی کە جەختیان لە سەرنیژادی ئاڵمانی دەکردوە . مێژوونووس Jules Michelet نموونەیەکی بەرچاوی مێژووی ناسیۆنالیزمیرۆمانتیکی فەڕانسەیە.

## ناسیۆنالیزمی فەرهەنگی

دە ناسیۆنالیزمی فەرهەنگی دا، نەتەوە بە ئەوانە دەگوترێ کە خاوەنی فەرهەنگی هاوبەشن . بە ئەندامبوونی ئەوتۆ نەتەوەیەک نە بە تەواوی ئارەزوومەندانەیە وەک (وەرگرتن و وەلانانی ئەو فەرهەنگە ) و نە ئیرسی یە ( منداڵی ئەندامان دەکرێ بە بێگانە دابنرێن ئەگەر دە فەرهەنگێکی دیکەدا گەورە بوون) ناسیۆنالیزمی چینی نموونەیەکە بۆ ناسیۆنالیزمی فەرهەنگی ،بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر بوونی ئەو جێوازییە فەرهەنگییانە لە مەڕ کەمایەتییەکانی جۆراوجۆر لە چین ، هەر وەها ئەو تاقمە زۆرە لەو چینییانە کە لانەواز و هەڵوێدان ( نیزیکەی ٦٠ میلیۆن تا ساڵی ٢٠٠٥ ) .ناسیۆنالیزمی چینی تەنانەت خەڵکی تایوان یش کە خۆی دوورگەیەکە بە چینی دادەنێ . ئەوەیکە زۆر سرنجڕاکێشە دە ناسیۆنالیزمی فەرهەنگی چینی دا ئەوەیە کە زۆر هەڵپێچراو وئاڵۆزە. لە باری مێژووییەوە تەنانەت شوێنەکانی نیزیک بە جوغرافیای چین یش دەگرێتەوە وەک مەغولستان ، نیو دوورگەی کورە ، وێەتنام ، مییانمار( بورمەی پێشوو ). دە مەفهومی چینی دا هەموو ئەوانەی کە بە پەیوەندی خوێنی دەچنەوە سەر چینییەکان ، تەنانەت ئەوانەی وا دە وڵاتانی دیکەشدا دەژین بەڵام بە نیژاد چینین وەک سەنگاپوورییەکان ، ئەو چینییانە کە لە وڵاتانی ئەفریقا ،ئەمریکا ، ئاسیا ، ئوستڕالیا و ئوروپا دا دەژین ،دەگرێتەوە . وادیارە تەنانەت خەڵکی ئەو وڵاتانەی کە تاقمێکیان وەک کەمایەتی نوێنەرایەتی چینی یەکان دەکەن ،هەر بە چنییان لە قەڵەمدەدەن . هەر لەبەر وەشە کە مەغولەکان بە کەمایەتێکی چینی دادەنرێن ئەگەر چی دەوڵەتی سەربە خۆی کۆماری مەغولستان یش هەیە . سەردەمی ئیمپڕاتوری مەغولەکان دە سەدەی ١٢ زاییینیدا بەشێکی زۆر لە ئاسیا و ئوروپایان داگیرکرد و هێنایانە ژێر دەستەڵاتی خۆیان . دە نێو وانەدا دە مێژووی نووسراوی چینییەکاندا ئەوەش هاتووە کە کەمایەتییێکی چێنی دەستەڵاتی لە چین بەدەستەوە گرت ، وپاشان پەرە بەو ئیمپڕاتورییەی چینی درا . بۆیەشە سەردەمی ئیمپڕاتوری مەغولەکان لە چین بە ماوەیەک دادەنرێ کە جێی شانازی و مەزنایەتی چینییەکانی پێوە دیارە ، ئەو دەم کە دەستەڵاتی چین لە ئاسیا وە تا ئوروپایەی لە ژێر ڕکێفی خۆیدا دەدی ، هەڵبەت بێجگە لەو ماوەیەی کە چینییەکان لە ژێر دەستەڵاتی مەغولەکاندا بوون.

## ناسیۆنالیزمی دینی

ناسیۆنالیزمی دینی بە ڕەوتێک دەگوترێ کە لە سەر بنەمای دینێکی هاوبەشی یەکگرتوو دامەزرابێ ،ئەغەڵەب فاکتۆڕی دیکەشی دەگەڵ ئاوێتەیە وەک فەرهەنگ ، نیژاد و زمان . ئەگەر ئەوتۆ دەوڵەتێک پێناسەی خۆی کە زۆرتر لە ئوسولی دینەوە وەردەگرێ ئەو دەوڵەتە زیاتردەوڵەتێکی تێئۆکڕاسی یە تا دەوڵەتێکی نەتەوەیی . زۆربەی دەوڵەتانەی کە نیژادی و فەرهەنگین ڕوانگەیەکی دینیشیان پێوەدیارە ، بەڵام زیاتر وەک یەک ڕەگاژۆیی بۆ تاقمێک نەک وەک بنەمایەکی سەرەکی بۆ مەبەستی بەرپرسیارەتی لە ڕاست ویستی نەتەوایەتی . ناسیۆنالیزمی ئیرلەندی کاتۆلیکی یە ، وزۆربەی ڕێبەرانی ناسیونالیستی ئیرلەندیی یەکان دەو سەت ساڵانەی دواییدا کاتۆلیک بوون ، تەنانەت زۆربەی ئەوناسیونالیستانەی پێشووشیان دە سەدەکانی ١٨شدا پرۆتستان بوون . ناسیۆنالیزمی ئیرلەندی لە تێئۆریی یەکی کاتولیکانەوە سەرچاوەی نەگرتووە ،تەنانەت هێندێک پرۆتستان لە ئیرلەندی باکوور مەترسی ئەوەشیان هەیە کە ئەوتۆ تێئۆرییەک بە سەروەڵاتە یەکگرتووەکەیاندا داسەپێندرێ . هەر بە شێوەیەکی وێچوو بەڵام دە فۆڕمی سیوونیزم دا کە لە سەر بنەمایەکی فەرهەنگی یەهوودی و نیژادی یەهوودی ، ئەگەر دینداری سیوونیزم یش هەبێ و ئاسەواری بە زۆرانەوە دیبیندرێ . دە دونیای ئیسلامدا باسی سەر لەنوێ گەڕانەوەی پانئیسلامیزم دەگۆڕیدایە .بەدوای دابەشکردنی هیندوستانی بریتانیایی یەکان ،ناسیۆنالیزمی هیندی ئەغلەب دە پەیوەندی دەگەڵ هیندوئیسمدا ، سەرەڕای بوونی چەشنێکی جیهانییانەی دژ بە کۆمۆنیزم هاتووە . دە هیندوستانی مۆدێرنی ئەوڕۆییدا چەشنێ هیندوناسیۆنالیزم( Hindutva) بووەتە باو کە ئەغلەب لایەنگری لە حیزبی Bharativa Janata وRashtrya Swayamsevak Sangh دەکەن . ناسیونالیسمی دینی وەک پرنسیپێکی بە یەکەوە گرێدراوی باوەڕێکی ئۆرتۆدۆکسی هاوبەش و نەتەوەیی سەر بەکلیساکانی ئۆرتۆدۆکس لە زۆربەی وڵاتانی ئوروپای ڕۆژهەڵات و دە ڕووسییەی فیدراڵی دایە.

## ناسیۆنالیزمی ( دیاسپۆڕا ) هەندەران

مەبەست لە ناسیۆنالیزمی هەندەران کە( Benedict Anderson ) پێی دەڵێ: ناسیۆنالیزم لە ڕێی دوورەوە. ئەوەیە کە مرۆڤ ئەغلەب هەستی ناسیونالیستی لە هەندەران یان غوربەت دەبزوێ بۆ نموونە ئیرلەندییەکانی ئەمریکا، لوبنانییەکانی ئیسکاندیناوی و ئەمریکای باشوورییەکان و ئەفریقاییەکان و ئەرمەنییەکانی ئوروپا و ئەمریکا . ئاندەرسۆن بەو شێوە ناسیۆنالیزمە دەڵێ :وەک بناخەی کێوێک دەچێ کە بەدیارەوە نییە، چونکوو ئەو ئینسانانەی دەیانەوێ هەست بە سەر ئەو نەتەوەییە بکەن بەڵام دەڕاستیدا نایانەوێ کۆمەڵگای خۆیان بە داپلۆسین بدەن . جێوازی بنەڕەتی دە نێوان یان ناسیۆنالیزمی ودیاسپۆڕا ناسیۆنالیزم دەوەدایە کە ئەندامانی ناسیۆنالیزمی دیاسپۆڕا ئیدی دە نێو نیژاد و وڵاتی خۆیاندا ناژین. دە فۆڕمی تایبەتی سیوونیزم دا بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە غوربەت نوێنەرایەتی وڵاتی ئەو نەتەوەیە دەکا کە دەیەویست جارێک بۆ هەمیشە دوایی بە ژیانی ئەو خەڵکە لە هەندەران بێنێ.

## ناسیۆنالیزم و ئیمپریالیزم

ناسیۆنالیزم وەک ئیدئۆلۆژییەکی خاوەن پرنسیپ ، هەڵگری بیری داگیرکاری و پەرەپێدان بە داگیرکاری نییە. هەر نەتەوەیەک خۆی خاوەن وڵاتێکە ئەگەر مانەوە و ئەمنییەتی وڵاتەکەی نەکەوتبێتە مەترسییەوە ،چاوی تەماحی لە خاکی هیچ وڵاتێک نابی بە مەبەستی بەرفرەوان کردنەوەی وڵاتی خۆی.ناسیونالیستەکان دە سەدەی ١٨ دا دژ بە سیستیمی ئیستیعماری دەستیان بە بەربەرەکانی کرد.ئەو بەربەرەکانییە لەدەرەوەی ئوروپا کە پییدەگوترا "مەڵبەندی ناشارەستانییەتی" وێڕای تووند وتیژیش بووبە تایبەت لە ئەفریقایە. ئەوان(ئیستیعمار) پێداگریان لە سەر ئەوە بوو ئەو چارەنووسەی کەلە ناو خۆوە بە تووشیان هاتووە هۆی کلۆنیالیست بوونیانە . دەست لە کلۆنیالیستی کێشانەوە کە ئاکامئ شەڕی دووهەمی جیهانی بوو ،قەبڵاندی وەک پرنسیپێک کەهەرێمەکانی نەتەوەیی دیاریکراون وتایبەت بە نەتەوەی خۆیانن . دیسان ئەوەش نەیتوانی بەر بە هێرشی چەکدارانە لە دەرەوەی وڵاتان بگرێ .بەڵام بە دوای ئەو ئیعترازانەدا ،ئێستا قانوونە کە هیچ پاساوێک بۆ داگیرکاری وڵاتان نییە. ناسیۆنالیزم لە ڕەوانگەی مێژوویی یەوە ئەگەر چی تا ڕادەیەک زۆرایەتی لە سەر ئەوە کۆکن لە ناسیۆنالیزم ئیدئۆلۆژییەکی سیاسی یە ،سەرەڕای ئەویکە نەلە چاخی ڕۆشەنگەری ئوروپا و نە لە شۆڕشی فەرانسە کۆنتر نییە ، بۆچوونی وەک تەمەنی پێناسەی نەتەوەیی ، پێداویستییەکان ،مێژووی سەرهەڵدانی لێدەکەوێتەوە.sverker Sö rlin دە کتێبی ( nationens Röst ) واتە دەنگی گەل سێ تەوەرەی سەرەکی دە لێکۆڵینەوە لە مەڕ ناسیۆنالیزمدا دەخاتە بەرچاو وەک (تێئۆری عەمەلگرایی funktionalism ،تێئۆری مێژوویی، historism ،تێئۆری ڕەسەنایەتی نیژادی وزمانی ، primordialism) دەتوانرێ ئەو سێ تەوەرەیە بخرێنە چوارچێوەیەکی مۆدێرنی ئەوڕۆییەوە.

## تێئۆری دارێژەرانە / مۆدێرنانە

تێئۆری دارێژەرانە یان مۆدێرنانە "پێناسەی نەتەوەیی" وەک شتێکی دارێژراو ، ڕاهاتوو و بە بەرەوپێشوەبەری ڕەوتێک دەزانی . ئەوە بەو واتایە نییە بە پێی هەر تاریف قەڵبە یان بە دوور لە ڕاستییە بەڵکوو لە لایەن Benedict Anderson و Eric Hobosboawm خوڵقاوە. دەو سەدانەی دواییدا ئەو تێئۆرییە مۆدێرنانە بەتەواوی بوونە باوی حاکم ، بەڵام توێژینەوە ئەو دواییانە لە مەڕ مێژوویی و ئەزموونی ، لانیکەم لە سۆئێد یارمەتیدەرێکی پڕبایخ بوون بۆئەو ڕوانگە و بۆچوونانە لە سەر نیژاد .ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوانە لێک نیزیکبوونەوەی ئەو ئەودوو ڕوانگەیانەی بدواوە بووە ، بەڵام هێشتا تێروانینەکان هەر بەجێوازی ماونەوە تا ئەو جێگایە باسەکە دێتەوە سەر"خەڵکی هاسایی" و" پێناسەی نەتەوایەتی "یان هی نیژادی دە زەمانی کۆندا . لە سۆئێد دە ساڵەکانی ٢٠٠٠ دا تاقمێک مێژووزان وەک Harald Gustafsson ،Jonas Nordin ،Jens Lerbom و هێندێک کەسی تریش تا ڕادەیەکی بەرچاو و سرنجڕاکیشانە هێندێک لەو خاڵانەیان دایە بەر لێکۆڵینەوەیەکی نوێتر کە ئەو تێئۆرییە نوێیانەی لە مەڕ نەتەوە دەکرێ وەک پرۆژەیەکی مۆدێرن سەیر بکرێن . هێندیکیشیان توانیان نیشانی بدەن کە ئاسەواری ڕیشەی پێناسە مۆدێرنی سۆئیدی دە سەقامگیر کردنی ڕەوتی بە دەوڵەتبوونی دە سەدەکانی ناوەڕاستدا بدۆزرێتەوە ،هێندیکیشیان زۆر بەرچاوانە بەرینی و بەربڵاوی ئەو پێناسە نەتەوەییە دە سەدەکانی ١٥ دا دەبینرێنەوە .

سەرچاوە Serchawe

## لێکۆڵینەوە لە مەڕ ناسیۆنالیزم

گێلنر (Gellner ) کە یەکێک لەلێکۆڵەروەکانی چەمکی ناسیۆنالیزم وداهێنەری تێئۆری چەمکی ( پێناسەی مۆدێرن mordernistisk identitets و تێئۆری ناسیۆنالیزم nationalitetsteorin) بووە . نەتەوە و نەتەوایەتی نوێنەرایەتی ڕازی بوونێکی دڵخوازانە وتەوژمێکی ڕەخنەگرانە لە ڕاست ناوەڕۆکی ئەو لێکۆڵینەوانە دەکا. ئەو کاکڵی تێزی کەلە سەردەمی تێئۆری ڕیشەی ڕەسەنایەتی نیژادی و زمانی لە لایەن قوتابییەکی خۆی بە نێوی Anthony D.Smith خولقێنرابوو ، شیدەکاتەوە .ڕوانگەکان لە سەربایخی نیژاد بۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم تەنیا بێ هێزی بەڕیوەبەرایەتی بە مەبەستی دەنگۆ سازکردنی لێدەکەوێتەوە. ئەو هێرش دەکاتە سەر ئەوە کە پێکهاتەی نەتەوەیی تەنیا لە سەر بنەمایەکی هاوبەشی نیژادی یان مێژوویی یەوە بێ . لێکۆڵینەوەی Gellner بە پێچەوانە زۆرمۆدێرنانەیە .کاتێکی ئینسان چاخی کشتوکاڵی بەجێهێشت و ڕوویانکردە ژیانی شارەستانی ، فەرهەنگی جوتیاریش خۆی دەگەڵ ئەو بار ودۆخە گونجاند کە لە پێداویستییەکانی ناسیۆنالیزم بوون. ناسیۆنالیزم هونەرێکی سەردەمی کۆمەڵگای مۆدێرنی سەنعەتییە . لێکۆڵینەوە نیشاندەری ئەو ڕاستی یە کە کۆمەڵگای سەنعەتی دەبتە هۆی لەت وکوتکردنی وردەکۆمەڵگاکانی کشتوکاڵی کە دە کۆمەڵگایەکی گەورەتری کڕین وفرۆشتن و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکاندا خۆیان دەبیننەوە . بە جێگۆڕکی کردنی زیاتری هێزی کار و کەلوپەل و پێکهاتە و ڕێکخراوە بۆ کڕین و فرۆشتن ، خوێندەواری و زانیاری سەریانهەڵدا . ناسیۆنالیزم بوو بە تەنیا ئیدۆئۆلۆژی بۆ یەکگرتنەوەی ئەو کۆمەڵگایانە بە درێژایی مێژوو لێکترازابوون . کەسێک دە تـوێژی مامناوەنـدی کۆمەڵگـادا وەک . کارمەنـد ، موهەنـدیس ، ڕوونـاکبیر بە هـۆی هەڵاواردنیـان لە لایەن دەوڵەتەکانەوە بەوە گەیشتن کە نوێنەرایەتی فەرهەنگی نەتەوەی خۆیان وەستۆبگرن . لە ڕێگای زانستە پێشکەوتووەکانی وەک ئـارکۆلۆژی (لێکۆڵینەوەی ئەوانەی وا دەژێر زەویدا حاشاردراون) ،فیلۆلـۆژی (زماننـاسی )، ئانترۆپۆلۆژی (مرۆڤنـاسی ) ،ئێتنۆلۆژی ( نیژادنـاسی ) ، ژێئۆگرافی ( جوغراڤیایی ) و ..هتد ،نەک هەر پاساوی زانستی بۆ مێژووی نەتەوەیی بگرە بۆ میرات وەک کەسایەتێکی فەرهەنگی کۆنی نەتەوەیی کەوتنە دەستان . لەمەودواوە دەبێ وەک نەتەوە بەو ئەرکە بزانین ، کە ناسیۆنالیزم وەک دەستکەوتێکی نیژاد ،بەسەرچوو ، هەڵقوڵیو سەیر نەکەین . ناسیۆنالیزم لە سەر بنەمایەکی قووڵی زانستی و پێویست بە خوێندوارێکی بەرزی فەرهەنگی وەک پارێزەرو نوێنەرایەتی دەوڵەتی نەتەوەیی دارێژراوە . بە پێچەوانەی بۆچوونی نەتەوایەتی لە جێ دانراوی بە سێکولارەکردنی بۆچوون وداب ونەریتی مەزهەبی سەردەمی کشتوکاڵی ، بۆیەشە نابێ لە دەستپێکەوە بپرسین کە ئەرێ دەوڵەت چۆن پێکهات بەڵکوو دەبێ بپرسین بۆ پێکهات ؟ وڵامی ئەو پرسیارە لە لایەن گلنر (gellner) بە بنەمایەکی ماتریالیستی دەدرێتەوە ودەڵێ :وێڕای گەشەی جوغراڤی و هەرەوەزی کۆمەڵگایی هەستی پێویست بۆ یەکگرتوویی فەرهەنگی و چۆنیەتی ژیان سەرهەڵدەدا . نەناسراوی کەسایەتی کۆمەڵگای سەنعەتی دە پەیوەندی دەگەڵ مەرجی ڕێکخراوەیی بۆ فەرهەنگی یەکدەست ،هەڵخرێنەری پێداویستییەکانی ئەو یەکگرتوویی فەرهەنگی نەتەوەیی یە. لێرە بۆوەیکە دیکتاتۆرێکی کاتی دابمەزرێ ،سیستیمێکی ئابووری دەوڵەتی و پێکهاتە ئابوورییەکانی دەوڵەتی وخولقاندنی فۆرمۆڵێکی زۆر کارا وبە هێز لە پێش چەمکی نەتەوە دێتەئاراوە نە بە پێچەوانەکەی کە ئەو ناسیۆنالیزمە کە نوێنەرایەتی ئێعتیبارێکی نەتەوەیی دەکا .جادەوڵەت بۆیە دادەمەزرێن کە چۆن پێویستە نەک چۆن ئەوان سروشتین .

## دەوڵەتی نەتەوەیی

دەوڵەتێکی نەتەوەیی دەوڵەتێکە کە لە سەر بنەمای مافی نەتەوەیەک هاتۆتە دی . ئەوان نوێنەرایەتی دەوڵەتانی نەتەوەیی دەکەن چون نوێنەرایەتی شارۆمەدانێک دەکەن کە لەبـاری نیژادییەوە یەکن . لێکسیکۆنی بۆنیەرز (bonniers lexikon ) دەوڵەتـی نەتەوەیی ئـاوا تـاریف دەکا ودەڵـێ : جوغراڤیـایەکی سنووردار کە زۆربەی دانیشتوانی خـاوەن یەک زمان ، یەک فەرهەنگی هاوبەشن . نۆروێژ سەربەخۆیی خۆی دە هەڵوەشاندنەوەی ئەو یەکێتییەی کە دەگەڵ سۆئید بووی دە ساڵی ١٩٠٥ دا دەدی ،دەکرێ وەک نموونەیەک بۆ تێگەییشتن لە دەوڵەتی نەتەوەیی بێهێنینەوە . دە ماوەی ساڵەکانی ١٩٠٠ کە سەردەمی وەلانانی کۆلۆنیالیستەکان بوون زۆربەی ئەو نەتەوانەی کە ژێردەستەی ئەو کۆلۆنیالیستانە بوون دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆیان بە گوێرەی ویستی خۆیان دامەزراند لەوانە،وەک وییەتنام ١٩٥٤ و بنگلادش ١٩٧١ .

## بنیاتنانی نەتەوە و سیاسەتێکی فرە چەشنی

گرینگترین کەرەسە بۆ بنیاتنانی نەتەوەیەک خوێندەواری لانیکەم ٣تا ٩ ساڵ بە زمانی نەتەوەیی(زگماکی ) ، هێنانەگۆڕێی مێژووی نەتەوەیی ، و هیمای نەتەوەیی(ئاڵا وسروودی نەتەوەیی ) وهەر شتێکی دیکەی کە بـاس لە نەهێشتنی ئاسمیلەکردنی نیژادێک یان نەتەوەیەک دە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتـانەدا کە تێیدا دەژین بکـا . ئەگەر نەتەوەیەک بێهەوێ سەربکەوێ ،دەبـێ پێناسەیەکی جەمـاوەری بـۆ پێناسەکردنی دە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی بناسێ ،نەک ئەو شتە سەرتاییانەی کە خۆیان وەک نیژاد دە پەیوەنـدی دەگەڵ دەوڵەت دا دبینـنەوە . ئەوە دەتـوانێ خولقێنەری گیر وگرفت بن دە دامەزرانـدنی دەوڵەتێک لە لایەن یەک نەتەوەوە ، بەڵام لەو جێگایەی مەهاجرەت دێمۆگرافی دەگۆڕێ .بۆ نموونە چلۆن "سۆئێدی" بوون خۆی دەگەڵ شارۆمەندبوون لە سۆئێد و هەروەها دەگەڵ ئەو ڕیشە نیژادییەی کە ئەو دەگرێتەوە گرێبدا . لێکدانەوەی پێناسەی دەوڵەتی نەتەوەیی بنەمایەکە دە پەیوەندی دەگەڵ ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی سیاسەتی وەرگرتنی پەنابەران وەک شارۆمەندی سۆئێدی . بەدوای ساڵەکانی ١٩٩٠ دا ئەو بۆچوونە لە لایەن دەوڵەتی نەتەوەیی کەم تـا زۆر جێ خۆی دا بە بۆچوونی گلوبالیزەکردن ، فرە فەرهەنگی ،یان فرە نیژادی و فرە مەزهەبی . دەوڵەتی نەتەوەیی لەوێوە نەخشی خۆی وەک خـانەخوێیەکی دڵفراوان وبە تەحەممول دە چوارچێوەی هەرێمی خۆیدا وەستۆ دەگرێ.

## ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی نەتەوەیی لە ڕوانگەی چەند پسپۆڕی ئەو بوارەوە

### بێنەدیکت ئاندەرسۆن

بنەدیکت ڕیچارد ئۆگورمان ئاندرسۆن ٢٦/٨/١٩٣٦ لە شاری کونمینگی چین لە دایکبووە . زماننـاسێکی ئیرلەندی ئەمریکاییە و پرۆفسۆری دەوڵەتناسی دە لێکۆڵینەوەکانی نێودەوڵەتی لە زانستگای کۆرنێل لە ئەمریکـا و برای مێژوونـاسی ناسراو پێرری ئاندەرسۆنیشە. تـوێژینەوە لە سەرناسیۆنالیزم بەرهەمی بێنەدیکت ئاندەرسۆن: Reflections on the origin and Spread on nationalism ١٩٨٣دە مەقامی نووسەرێکی سیاسیدا ،نەتەوە بە پێناسەیەکی هاوبەش کەزۆر زوو بوو بە قسەی سەر زاران دەناسێنێ . imagined Communities بۆچوونی و تێڕوانینی ئاندەرسۆن لە مەڕ پێکهاتەی بیری نەتەوەیی مۆدێرن و عەمەلی بوو. مەبەست لە نەتەوە وەک ڕوانگەیەکی ڕووحی ڕەوانی ، و وەک بزووتنەوەیەکی جەماوەری ببووە بنەمای سەرەکی تـوێژینەوەکەی . بەرهەمی ئێرنێست گێلنێر یش هەر دەوساڵێدا کە هێ ئاندەرسۆن بڵاوکرابووە کەوتە بەردەستی خوێنەران . لێرەش تێڕوانینەکە هەر شارەستانییانە بوو ،بەڵام گێلنێر بناخەیەکی بۆ بیری نەتەوەیی لە بەرچاو گرتبوو دەئاڵوگۆڕی چوارچیوەی بە سەنعەتیکردن و مۆدێرنیزەکردنی ،و ئاماژەی بە خۆگونجاندنی زماننـاسی دەگەڵ ئەو مۆدێرنیزمە دەکرد . ئەرێ لە پشت ئەو بیری نەتەوەیی یەوە چ فاکتۆرێ گەلێکی ڕووحی ڕەوانی بوون ؟ ئەرێ ئەو فاکتۆرە ڕووحی ڕەوانییانە بە مەبەستی سەلماندنی بیری نەتەوەیی چلۆن وەدیهاتوون ؟ هاوبەشێکی نەتەوەیی برێتییە لە تایبەتمەندییەکانی هاوبەش دە نێوان جیلی ئێستا و ڕابردوو و داهاتووی ئەو نەتەوەیەدا .ئەو هاوبەشییە ناتوانێ شتێک بێ بێجگە لەو تایبەتمەندیە ناساندراوە یان ناساندراوەکان کە دەبێ لە سەربنەمایەک بە ڕابردوویەکی دوور ودرێژ وەک ڕەوتی سروشتی مرۆڤ بـۆ پێناسەی خـۆی وەک پەیوەنـدی نێوان خزمایەتی و دۆستایەتی بنیات نرابێ . هەستی نەتەوایەتی هەڵگری نـاوەرۆکێکی دیکەیە دە هەڵسەنگاندن دەگەڵ ئەوداب ونەریتەی کۆمەڵگا کە زۆرتـر فیزیکی ، سەرلێشێواوێکی کەتـا ڕادەیەکیش تایبەتین . هەموو چەشنە هاوبەشێکی کۆمەڵایەتی کەلەسەر ئەو هاوبەشییە بێ بنەمایانەی نێوان مرۆڤەکان پێکدێ دەبێ بە دڵنیاییەوە لەبەرچاوبگیرێن . هەر وەک چۆن دە فۆڕمی کۆنی ئەو هاوبەشییانەی کە بەوردی دە پێکهاتەکانی یەکگرتووی مەزهەبی یان کەونـارایی یانەدا تـاقیکراونەتەوە . سەرەڕای وەرچەرخانێکی کارا بەدوای وەدیهاتنی تەکنیکی نوێی چاپەمەنی و بڵاوبوونەوەی لەئوروپادا . تێکەڵاوی بە سێکولاریزە کردن وپێشکەوتوویی دە کۆمەڵگای فێئۆداڵی بەرەو کاپیتالیزمدا فۆڕمێکی دیکەی دەسکەوتەکانی چامەنی کە وەک ئاندەرسۆن مەبەستێتی ، دەبێ بـووبێ بە بنـاخەیەک بـۆ ئەو بنەمـا بەرینـانە لە دامەزراوەکانی نوێی کۆمەڵایەتی . لە لایەن دەسکەوتی چامەنی کاپیتالیزم هەلومەرجی خوێندەواری بۆ جەماوەر ڕەخسا کە هەر ئەوەش بوو بە بنەما بۆ گەشەکردنی بواری زەمان وزەمانەوانی خەڵکان کە خۆی یەکێک لە هەستە پێداویستییەکانی هەرە گرینگی ناسیۆنالیزمە بۆهەست بە زمان و فەرهەنگی هاوبەش کردن . بە وەتەی ئاندەرسۆن بیری نەتەوایەتی دەتوانرێ بگوێزرێتەوە یان بەگونجێندرێ بۆ نێو هەموو کۆمەڵەیەک بەو مەرجە ئەو پێناسانە بسەلمێندرێن بۆنموونە ئەو هەلومەرجە بەرینە بۆ ئەو پەیوەندییە هابەشییانە و جەمارییە کە تا ئێستا وەدیهاتوون .بۆ ئەو پێناسانەی کە دەو دوایانەدا ئاندەرسۆن بۆ بەرینبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی باسیان دەکا ئەو سێ تکنیکەن واتە سەرژمێری خەڵک،خەریتە ، موزە(کەلەپوری مێژوویی ) . ئەوەیکە زۆر بە ڕادیکاڵ دە لێکۆڵینەوەکانی ئاندەرسۆن وەبەرچاو دێ ،ئەوەیکە ئەو بە بەشە هاسایی و بە کردەوە لە سەرساغبووەکەی دامەزراندنی ئامرازێک بۆ بە یەکدەست کردنی بواری جوغراڤیایی ،ئەژماری خەڵک ،مێژوو نووسراوەکان ،ناوەستێ و هەنگاوێک زیاتر بەرەو پێش دەنێ و لە خۆی دەپرسێ ،چن ئەو ئامرازانە بۆ پێکهێنانی یاسایەک بۆ کۆمەڵگای ئێمە . چن ئەوانەی کە وا پێی دەوترێ سەرئەژمێری خەڵک ، خەریتە ، کەلەپووری مێژوویی کە نوێنەرایەتی خەڵک ، سنووری

Serchawe

بەڕیوەبەراتی و مێژووی پێشکەوتووی یەکدەست وهاوبەش دەکەن ؟ ئاندەرسۆن نموونەیەک بۆ نەخشی وەدوا خستن یان ڕەددی ئەوڕوانگەیە دێنێتەوە و دەڵێ : بەشێکی لێکدانەوەی ساکار لە مەڕ وێنەی مەحاسەباتی ناسەرکەوتووانەی نەتەوەیەک کاردانەوەیەکی ڕوونە و واقیعییەتێکی دڵتەزێن کە بەفۆرمی سەرلێشێواوییەکەیەوە دیارە .ئاندەرسۆن ئەو دیوی شتەکەش هەڵدەداتەوە وئاماژە بە ڕادەیەک لە سەرلێشێواوی دەکا کە بوونە واقیعییەتێکی حاشاهەڵنەگری وەک وەستان و چوخسان دە دیاریکردنی وێنەیەک لە چۆنیەتی سنوور دە بواری نەتەوەیی دا .بەرهەمی ئاندەرسۆن Sectres of natinalism: Comparision، Southead Asia and the World(١٩٩٨)و باسەکەش درێژەی Imagined Commuities لە ڕێگای بە فرەپرنسیپانە وتاریفێکی هەڵسەنگاندنانە لەچۆنیەتی هێندێک لەو دەوڵەتە نەتەوەییانەی کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دا دامەزراون ،بووە .

## کارڵ دابلیوو دۆچ

کارڵ دابلیوو دۆچ لە ١٩١٢/٠٦/٢١ لە پراگ لە دایکی بووە و لە١٩٩٢/١٠/١ لە کامبریج ماساچووسێتی ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە و یەکێک لە دەوڵەتناسەکان و پرۆفسۆرە بە ناوبانگەکانی زانستگای yale university لە نێوان ساڵەکانی ١٩٥٨-١٩٦٧ ولەدوایەش چالاکی خۆی لە زانستگای Harvard University درێژە پێداوە . دۆچ لە ڕێگای بە تایبەت لێکۆڵینەوەکانی یارمەتیدەرێکی بەرچاوی سەردەمی مۆدێرن لە مێتۆدی ئەزموونی دە بواری توێژینەوەی دەوڵەتی بووە . دە نێوان نووسراوەکانیدا دەکرێ لەPolitical Community and the north atlantic Area ١٩٥٧ کە باکوور وەک "säkerhetsgemenskap"(هاوبەشی ئەمنییەتی ) و The Analysis of Internatonal Relations: ١٩٦٨ واتە (توێژینەوە لە مەڕ پەیوەندییەکانی نێونەتەوەیی ) دا بدوێین . بەرهەمی کارڵ دابلیوو دۆچ Nationalism and Social Communication( ١٩٥٣) دەتوانین بێ شک بڵێین چەکەرەیەک بوو بۆ لێکۆڵینەوەیەکی نوێ لە مەڕ چەمکێکی وەک ناسیۆنالیزم و بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی . ئەو نووسراوەیە ئەژمارێکی بەرچاوی دەساڵی ١٩٦٦دا لێ چاپکرا و وەک زانایەکی جێکەوتوو و ئاشنا بە توێژینەوەی چەمکی ناسیۆنالیزم دوای تەواو بوونی شەڕ بوو . گرینگی دەوەدا بوو کە لەو ڕەوتە پێشووییەی نەزمی ڕووحی ڕەوانی کۆمەڵایەتی کە لە لایەن Gustave Le Bons، Massans psykologi ١٨٩٥ نوێنەرایەتی دەکرا گوێزرایەوە بۆ پێداگری لە سەر کەرەسەیەکی تەکنیکی بە دەستانەوە بۆ تەئسیری هەرچی زیاتر و فەرهەنگێکی یەکدەست و هاوبەش . سرنجێکی زیاتر بە ڕێکخراوەکانی پەیوەندی جەماوەری کۆمەڵگا دەدرا و دەگونجێندرا _ وەدە درێژەپێدانەکەش نەخشی ناوەندی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی وەک یەکدەست کردنی کەرەسەکان بە مەبەستی بنیاتنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بە کارساز دەزانی . ئەو ڕەوتە مۆدێرنە پێشکەوتوویە بە ڕوانگەیەکی نوێی توێژینەوە پێی نایە مەیدان ، بەرلە هەموو شتێک ڕووناکایی خستنە سەر چۆنیەتی کۆمەڵگایەکی سەنعەتی وگرینگیی شێوەی ئەوپێکهاتانە لە سەر سەرهەڵدانی دامەزراندنی دەوڵەتە نەتەوەیی یەکان . وەک هەلومەرجێکی بنەڕەتی بۆ دابینکردنی کۆمەڵگایەکی سەنعەتی ئاماژە بە پەیوەندییەکانی جەماوەری و پەرەپێدان بە کەرەسەکانی بەرهەمهێنەر لە کۆمەڵگا دا دەکا .دەوڵەتی نەتەوەیی و کۆمەڵگای سەنعەتی بەیەکەوە دەلکێندرێن و وێکڕاش وەک مۆدێلێک دێنە بەر لێکۆڵینەوە . تاریفێکی کە دۆچ لە دەوڵەتی نەتەوەیی دەکرد بەپێی ئەو بناخە دانراوانە بوو .ئەو لە سەر ئەو باوەڕ بوو کە خەڵک لە ڕێگای کاناڵگەلی تەواو و بێ کەموکوڕی پەیوەندییەکانی جەماوەرییەوە دەکرێ ڕێکبخرێن . وەک دۆچ خۆی بە عیعتیباری ئەو مێتودە مۆدێرنەی توێژینەوە کە زۆرتر ئاماژە بە باسی بەکردەوەکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی _ نەخشی ڕاستەقینەی پێکهاتەکانی پەیوەندی دەوڵەتی نەتەوەیی چن _ بە بێ لە بەرچاوگرتنی چۆنیەتی دامەزراندن و چوارچێوەکەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی . بە قسەیەکی دیکە دە تەکنیکی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی ئەو دەوڵەتە مۆدێرنە نەتەوەیی یەدا ،کە خۆی خاوەن نێوێکی ناسیۆنالیزمی یە ، بدۆزرێتەوە. لە ڕێگای ئەوتۆ تەکنیکێکەوە بۆ پەیوەندییەکانی کۆمەڵگا دەتوانرێ ڕواڵەتی ئەو یەکدەست وهاوبەشی کردنانەی لە مەڕ فەرهەنگی نەتەوەیی دابمەزرێ ، بسەلمێندرێ ، و هەر هەمووشی بە پێی پێویست نوێ بکرێنەوە . دە Nasionalism and Social Communication دا دۆچ چاوی بە توێژینەوەیەکی پێشوو لە مەڕ ئەو چەمکە دەکەوێ و ژێرنووسی دەکا وەک وێکچووی دەگەڵ بیر وبۆچوونەکانی خۆی و لە باری کۆمەڵناسییەوە لە سەر هێندێکیان ،دەبینێ کە دەکرێ وەک بنەمایەک بۆ ئەو تیئۆرییەی کە خۆی هێناویەتەگۆڕێ هەڵسوکەوتی دەگەڵ بکرێ ، جا ئەوەیە کە دۆچ پێشنیارەکانی خۆی دێنێتە گۆڕێ ، دەیانناسێنێ لەوانە تیئۆری بنەما بۆ ئەوپەیوەندی بەکەلکانەی کۆمەڵگا بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی .جێوازی نێوان کۆمەڵگا و کۆڕ(دەستە ) دیاری دەکا کە لە مانای پردەبازی حەیاتی نێوان ئەو جووتە تێبگەین . زۆرجاران دۆچ ئەودووبۆچوونەیFerdinand Tönnies ی واتە Geneinschaft och Gesellschaft کە لە سەر چۆنیەتی کۆمەڵگا و کۆمەڵناسی بوون ،وەبیر دێنایەوە و دەیگووت :ئەو فۆڕمە کۆنەی کۆمەڵگا دەگەڵ بۆچوونی Demeninschaft وئەو دەستە وکۆڕە فەرهەنگی هاوبەشییانەی کۆمەڵگای مۆدێرنی کە بە پێی هێزی تەکنیکی پێکهاتوون دەگەڵ بۆچوونی Gesellschaft زۆر وێکچوویان هەیە . جێوازییەکەش ئەوەیە کە بە پێی لێکدانەوەی Tönnies دە ساڵی ١٨٨٧ دا لە دەرفەتێکدا کە هێشتا دەوڵەتی‌نەتەوەیی نەبووە ئەو چەمکە کە بکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە . حەولیTönnies ئەوە بوو کە لە سەر دەوڵەتی نەتەوەیی وەک ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتی شتێک بنووسێ هاوکات کە Deutsch یش دەیەویست شتێک بنووسێ ، کە ئەرێ ئەساسەن دەوڵەتێکی نەتەوەیی ئیمکانی دامەزراندنی هەیە . ناسیۆنالیزم و پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی پاشان سرنجی Ernest Gellner وBenedict Anderson یان ڕاکێشا و بوونە هۆی گەشەکردنی نەخشی پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی دە پێکهێنان و وەرێخستنی فەرهەنگێکی نەتەوەییدا.

## هووگ ستێن واتسۆن

جۆرج هووگ نیکۆلاس سێتۆن واتسۆن لەساڵی ١٩١٦ لە بریتانیا لە دایک بووە و لە ساڵێ ١٩٨٤ کۆچی دوایی کردووە ، پرۆفسۆری مێژووی ڕووس و سەرۆکی مەدرەسەی سلاوۆنیک و ڕۆژهەڵاتی ئوروپا لە زانستگای لەندەنێ بووە دە نێوان ساڵەکانی ١٩٥١ تا ١٩٨٣ دا . بەرهەمی سێتۆن واتسۆن Nation and states دە ساڵێ ١٩٧٧ دا لە باری تیئۆرێکییەوە دەگەڵ بەرهەمی Karl W. deutsch وێچوویەکی زۆریان بووە . دە پێشوتاری کتێبەکەیدا سپاسی Anthony D. Smith وDeutsch دەکا ،بەڵام ئەو حەولی نەداوە تا شوێنی ئەوان هەڵبگرێتەوە .ناکرێش هەر وا بە هاسانی لێکۆڵینەوەکانی ئەو تێکەڵ بە لێکۆڵینەوەکانی تر بکرێن ، بەڵام یەک دوو بۆچوونی هەن دە نووسراوەی "دەوڵەتان زۆربەرلە بوونی نەتەوەکان هەبوون" دا ئاماژە بە لاپەڕەی هەووەڵ دەکا و جەخت لە سەر ئەوە دەکا کە نەتەوە ،مەشرووت بە مێژووی هاوبەشە ، کە زیاتر لە گەشەکردنی فەرهەنگی یەکدەست و هاوبەش دەدوێ تا حقووقی دەوڵەتی و بواری سیاسی .ئەو دەڵێ: "یەک نەتەوە لە یەکگرتوویی مرۆڤەکان کە ئەندامانیان دەپەیوەندییەکی بەهەستی هاودەردی دەگەڵ یەکتر، فەرهەنگی یەکگرتوو و هەستی نەتەوایەتی "دا خۆی دەنوێنێ. ئەو خۆ بە لێکۆڵینەوە لە مەڕ ناسیۆنالیزم وەک تیئۆرییەک خەریک ناکا یان حەولی وەکۆکردنەوەی بەڵگە بۆ باسی نەتەوایەتی نادا. تیئۆری بەرزەفڕانەی ئەو زیاتر لەوانە لە شەقەی باڵی دەدا .حەولی ئەوە دەدا کە سەیوانێک بە سەر تێگەییشتنی فەرهەنگی ئوروپایی دا هەڵبدا . کە بەشێکی گەورەتری ڕەوتی مێژوویی چۆنیەتی دامەزراندنی دەوڵەتە نەتەوەیییەکان لە ئاسیا و ئەفریقاش بگرێتەوە. لێرە بە زمانێکی دیکەی لە مەڕ ئەو بزووتنەوە سەربەخۆییەی نەتەوایەتی و ئاسەواری ئەو لە سەر چۆنیەتی چوارچێوەی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیییەوە دەدوێ . لێکۆڵینەوەکە ئەو بەشە کە دەگەڕێتەوە سەر ئاسەواری ناوەرۆکی بزووتنەوی نەتەوایەتی لە سەر دەوڵەتەکان دە نێو نەتەوەی جۆراوجۆرکانیشدا دەگرێتەوە . سێتۆن واتسۆن ئەوەش لەبەرچاو دەگرێ کە ئەو بزووتنەوە ناسیونالیستانەی ڕۆژاوای ئوروپا ئەغڵەب شوێندانەربوون لە سەر بزووتنەوەسەربەخۆییخوازەکانی لە دەرەوەی ئوروپا ،تا بیری ناسیونالیستی کۆپی بکەن بۆ داوای بە هەرێمیکردن و حەول بە مەبەستی بۆ بە یەکدەست کردنی فەرهەنگی ئەو بزاوانە . نەتەوە و ودەوڵەت وەپێش ئەو ئاڵۆگۆڕانەی کە هۆی خولقاندنی گەرای تیئۆری دە ساڵەکانی ١٩٨٠ دا بوو، کەوت ، کە هەر ئەوەش ئیزنی بە سەرقاڵی ئەو بۆ ئەو ڕەوانگە مێژوویی یەی خۆی دەدا . ئەو توانی پاشان چەکەرەی تیئۆری لێکۆڵینەوەی لە مەڕ ناسیۆنالیزم بخولقێنێ . بەو مانایە کە ئەو دەیدیت کەبیری نەتەوایەتی هێزی هاندەرە دە قووڵایی ناخی هەموو ئینسانێکدا ، کە ڕیشەی دە سروشتی مرۆڤایەتی و میراتی کۆمەڵایەتی و لە مێژووی کشتوکاڵی هەزاران ساڵ لەمەبەری ئێمەدا هەیە.ئەو پێیوایە کەئەگەری نکۆڵی لەو میراتە ڕەوانییە ئەوەیە کەهەر وەک چۆن بەستێنی بۆ ناسەرکەوتوانەی پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی ساز دەکا بۆ تاکەکانیش ساز دەکا. زانیاری نەتەوەیی بە پێی تێڕوانینی ئەو بوونی باشە بۆیە دژایەتی دەگەڵ پاراستنی هێندێک شتی فەناتیکی دە قالبی نازیسم و دیکتاتۆری کەلە سۆویەتدا هەیە دەکا . نکۆڵی لە زانیاری نەتەوایەتی و میراتی نەتەوەیی نەک هەر لە ناسلامەتی سیاسی بگرە لە ناسلامەتی ڕەوانیش دەدوێ ، هەروەها خۆی لە خۆیدا دژایەتی یەکیشە دەگەڵ شارستانییەت . .دە کۆکردنەوەی سەرجەمی باسی نەتەوە و دەوڵەت دا باسەکە دەهەرێمێکی بەربەرینی لێکۆڵینەوەدا دێ و دەچێ ، و وتوویژەکان بادراو وئاڵۆزن .سێتۆن واتسۆن زارکی هەگبەی لێکۆڵینەوەکەی لە دوایین بابەتی گرێدەدا و سەر لە نوێ وبیر دێنێتەوە کە زانیاری نەتەوایەتی نەک هەر دژێو نییە بەڵکوو بە پێچەوانە شتێکی سروستییە. مرۆڤایەتی دەبێ فێربێ هەر وەک چۆن چارەی کێشەی چینایەتی و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی دە بەرنامەی نێو نەتەوەیی خۆیاندا گونجاندووە، دەبێ دەگەڵ سەرهەڵدان و خۆ نواندنی فەرهەنگی نەتەوەکانیش هەر بە بەرنامەیەکی نێو نەتەوەیی یەوە خەریکی چارە سەری بێ . ئەگینابە پێچەوانەوە هەڵسوکەوتی دەگەڵ بکرێ ، مرۆڤایەتی بەرەو فەوتان و دارزان هەنگاو دەنێ . بە پێی قسەکانی سێتۆن واتسۆن ،هیچکام لەو فاکتۆرانەی کە باسیان هاتە گۆڕێ ناتوانن لە بایخیان کەمبکرێتەوە لە ڕاست پرسگەلی ئیدۆئۆلۆژی وئەو بەرهەمەتازە کەڵەکەکراوانەی سەرخەڵوزی کوورەی کۆمەڵگای سەنعەتی .لێکۆڵینەوەی سێتۆن واتسۆن هەر دەڵێی هەموو ناسیۆنالیزمێکی وەکۆکردووە تا وەدوای نیزیکترین بەرنامەی لواوی مێژوو بکەون . هەر وەک Herder جارێک لە جاران دە سەدەکانی ١٧٠٠دا دە دوایین ئاگادارییەکەیدا دەیگووت ، تەنیا ئەو خەڵکە کە پێی بەر حەقە دەتوانێ دەگەڵ خەڵکی خۆی وبایخەکانی سروشتی خۆی بە بێ مەترسی ودەگەڵ خەڵک

سەرچاوە Serchawe

ونەتەوەی دیکەش بە شێوەی ئاشتەوایەکی گونجاودا بژین .سێتۆن واتسۆن یش دەگەڵ جەوهەری ئەوباوەڕی هێدردێر بە تەواوی کۆکە.

## کارلتۆن هێ هایێز

کارڵتۆن ژۆزێف هونتلی هایێز دە ساڵی ١٨٨٢ لە نیوویۆرک لەدایکی بووە و سێی سێپتامبری ساڵی ١٩٦٤ کۆچی دوایی کردووە ودە ساڵی ١٩١٩دا یەکێک لە مێژووناسان و ماموستا و پرۆفسۆری ئەمریکا بووە . ئەو کاتولیک بوو و دە شەڕەکانی ناوخۆیی ئیسپانیایەدا لایەنگری لە فرانکۆ دەکرد ،ساڵی ١٩٤٢ _ ٤٥ باڵیۆزی ئەمریکا بوو لە ئیسپانیایە ،ئەو دوایین حەولی خۆی دا تا ئیسپانیای ڕازی کرد کە لایەنگری لە بەرەی دژ بە موتەحیدین نەکا واتە دەگەڵ بەرەی موتتەفیقین کە بریتی بوون لە ژاپۆن، ئیتالیا ،ئاڵمان، نەکەوێ . بەرهەمی کارڵتۆن هایێز( Historical Evolution of modern Nastinalism) واتە تەکامولی مێژوویی ناسیۆنالیزمی مۆدێڕن کە دە ساڵی ١٩٣١ دا دراوەتە دەرێ .ئەو وەک هەووەڵین مێژووناسی بواری ناسیۆنالیزمە کە حیسابی بۆ کراوە ، و وەک پێشەنگێک کە بە ڕوونی زنەی ناسیۆنالیزمی وەک بەرهەمێکی ڕووناکبیرانەی سەدەی ١٧٠٠ڕۆشەنگەری کە لە لایەن تاقمێک بیرمەندانی وڵاتە ڕۆژاوایی یەکانەوە بە دیاری بۆ ئەو دەوڵەتە تازە دامەزراوانەی نەتەوەیی لادەر وەک پشتیوانی توند وتیژی شۆوینیزم و _ دە ئەوپەڕی خۆیدا فاشیزم هێنرابوو .ئەو لێکۆڵینەوەی مێژوویی هایێز بە مەبەستی سەرزرینگانەوە و وشیارکەرەوەیەک دەبابەتی (تەکامولی مێژوویی ناسیۆنالیزمی مۆدێرن ) دا بە دژایەتی ئەو تەندێنسە مەنفییە نووسێوێتی ،ویستوویە لێکدانەوەیەکی بەرینتر و زیاتر پلورالی ( چەندلایەنە )لە بیری نەتەوەیی وەک چەمکێک بداتە دەستەوە . هایێنز لێرە بازدێک بە سەر دونیای کۆندا دەدا ،ولەوێ گوند ، خزم وبیری عەشایری بە سەر مرۆڤەکاندا دابەشکراوە بە"ئێمە"و" ئەوان" و ئیدۆئۆلۆژیی یەکی کۆمەڵگا کەدە لێکۆڵینەوەکەی هایێنز دا وەک پێناسەی ناسیۆنالیزمی مۆدێڕن خۆی دەبینێتەوە. پاشان درێژەی سەدەی ناوەڕاست و مەسیحییەت و بە جیهانی کردنی سیاسەتی کلیساکانی کاتولیک وەک نموومەیەک بۆ کۆمەڵگا دێنێتە ژێر توێژینەوە. سەدەی ١٥٠٠ وەک دەرفەتێکی بە سیاسی کردنی پرۆتستانیزم وسەرەتای خۆ ڕزگارکردن لە کۆمەڵگای فێئۆداڵی بەرەو دەوڵەتی نەتەوایەتی دادەنرێ. دە ناوەڕاستی ساڵەکانی ١٧٠٠ هایێز بەچاخی سەرهەڵدانی فەلسەفەی ناسیۆنالیزم دەناسێنێ ، کە هەووەڵین هێمای دابینکراوی خەڵکسالاری دە کۆمەڵگا دا هەستی پێدەکرا. هایێنز باسی بەرنامەیەک بۆ ڕوونکردنەوە کە بەشێکی بەر لە ویستی بە جیهانیکردنی مرۆڤەکان و توێژینەوەی لە مەڕ کۆمەڵگا . وبەشێکی دیکەی جوێکردنەوەی بیرو باوەڕگەلی فەرهەنگی نەتەوەیی دەگرێتەوە . ئەوەش پێش لە هەموو شت پێویستی بە چیکڵدانە ، مرۆڤدۆستی ، ناسیۆنالیزم هەیە کە بۆڕادەی بەربەرینییان ، هایێز ئاماژە بە Bolingbroke ئینگلیسی و Rousseau فەڕانسەوی وHerder ،ی ئاڵمانی دەکا . ئەو چەشنە ناسیۆنالیزمە سەرەتایی یە لایەنگری زۆری لە نێوان یەعقوبییەکان و لیبراڵە سوونەتییەکان وهەر توێژ و پلەیەکی خۆگونجێنەری دی بوو هەرکام بە پێی کەسایەتی بیر وبۆچوونیان نوێنەرایەتی بەشێکیان دەکرد .ڕەوتەکە نیشاندەری پێشەوەچوونێکە دە بواری ئەو بیری نەتەوەیی یە دا کە تا ڕادەیەک هەموو بە پێی بۆچوونی خۆیان کاردانەوەیان بوو.بەڵام هایێز حەول بۆ وەیکە بڵێ مێژوو هەنگاوی بەرەو باشبوون دەنێ دەدا. ناسیۆنالیزمی ئەو دوایی یانە ، کەوەشەندارە دە سروشتی خۆیدا خۆیی پارێزی گرژە ، دەمارگرژ و دژ بە بێگانەیە . ئەوە کاتێکە کە خۆی هایێز ماوە و بە شێوەیەکی گشتی بە وەرچەرخانێک بەرەو کۆمەڵگایەکی سەرەڕۆیی یانە کە لە سەردەمی بەر لە چاخی ڕۆشەنگەریی ورۆژانی بەرلە شۆڕش کە حاکم بوو لێکیدەداتەوە. ئەو دەو دەوڵەتە دیکتاتۆرانەی ئێستاش کەم تا کورتێک ئەو خۆگیفکردنە بە نێوی مەسبەتگەرایی و ماتریالیزمی سەدەی ١٨٠٠دەبینێ، و دە ناسیۆنالیزمی ئینسانی یشدا بیر وبۆچوونی بەرهەڵستکاری وبەرچاوتەنگی و بێ چیکڵدانەیی . لێکۆڵینەوەی هایێز هیوادارێکی پێوەدیارە کە بەشکەم کۆمەڵگای ئەمریکا بەرپرسیارەتی ناسیۆنالیزمی خۆیی پارێز وەک موشکیلێکی ناوخۆیی وەستۆ بگرێ.بنەمای کتێبی ئەو کۆی ئەو قسە و وتوویژانەیە کە لە موئەسیسەی جیهانی لە ماساچوسێت و ئەوسمینارانەن کەدەگەڵ خوێندکارەکانی زانستگای کلۆمبیا کردوونی ورێبازی دابینکردنی بابەتەکە شیدەکاتەوە . تێڕوانینی هایێز لە سەر ئەو ڕووناکبیرانەی مامناوەندی کۆمەڵگا کە نوێنەرایەتی بیری نەتەوەیی لە ئوروپا دا دەکەن ، وەک دەسکەوتێک کە ئەو دەیەویست ئاسەواری بە سەر چۆنیەتی کۆمەلگاوە ڕوو بە ڕێبازێکی دیکە وەدی بێ .ئەگەر بیری نەتەوەیی بە درێژایی ئەو سەتساڵانە لە سەرهەڵدانبوایە ،جێی خۆی بوو کە هێزێکی دژبەریش بیتوانیبا دە دوا ڕۆژدا سەرهەڵبدا.ناسیۆنالیزم سروشتیتر لە ئیمپریالیزم یان بیری ڕیشەیی نییە . هەرلەبەر وەشە کە پرسیاری لە مەڕ چاکی و ناچاکی ناسیۆنالیزم بۆ هایێز پرسیارێکە ویژدانی دە نێو دەستەڵاتدارانداو دەرێژی ئەو پرسیارەش پێویستی بەزانیاری و ڕوونکردنەوە هەیە . ساڵی ١٩٢٦ ئەو کتێبی Essays on Nationalism ی وەک لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت و جێواز لە مەڕ شکڵی میلیتانتی ناسیۆنالیزم کە دە پەیوەندی دەگەڵ شەڕی هەووەڵی جیهانیدا خۆی دەنواند بڵاوکردەوە .

سەرچاوە : ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد




سەرچاوە
Serchawe

# شەهیدانی کۆماری کوردستان

١- **خۆشەوی خەلیل مزوری** ٢٥ی جۆزەردانی ١٣٢٥ (١٥ی ژوئەنی ١٩٤٦) لە پێشمەرگەکانی هێزی لکی بارزانی لە شەڕێکی قارەمانانە دا لە گەڵ ئەرتەشی ئێران لە جەبهەی سەقزلە گەڵ ١٠ پێشمەرگەی دیکە بریندار دەبێ وسەرەڕای ئەوەی دەگەیێندرێتە نەخۆشخانە لە تەورێز دوای چوار ڕۆژ شەهید دەبێ و تەرمی پیرۆزی لە مەهاباد نێژرا.

٢- **محەمەد ئاغای شقویف** هەر لەو سەروبەندە دا لە جەبهەی میرەدێی سەقز شەهید بوو.

٣- **محەمەدی نانەوازادە** ٢٥ی پووشپەڕی ١٣٢٥ (١٦ی ژوییەی ١٩٤٦) سەرپۆلی ٢ جێگری سیاسی وەزارەتی هێزی کۆماری کوردستان لە کەوتنە خوارەوەی فرۆکە لە نێزیک کەلیخان نێوان بانە وسەقز.

## شەهیدانی لە سێدارە دراوی کۆماری کوردستان لە شاری سەقز

١ - **عەلی بەگی شێرزاد** ٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ (١٥ی فێورییەی ١٩٤٧) (عەلی بەگی یەکشەوە ) یەکێک لە خاوەن ملکانی گوندی یەکشەوە وفەرماندەرانی هێزی چڵی ٥ی ناوەندی هێزی کۆماری کوردستان سەر بە عەشیرەتی فەیزوڵابەگی لە ناوچەی بۆکان لە تەنیشت حەوزی بۆکان لە سێدارە دراِ.

٢- **شێخ ئەمینی ئەسعەدی** ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) (شێخ ئەمینی کەسنەزان) خاوەن ملکی گوندی "کەس نەزان"ی سەقز، ئامۆزای شێخ سدیقی ئەسعەدی.

٣- **شێخ سدیقی ئەسعەدی** ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) شێخ سدیقی یازی بولاغی خاوەن ملکی گوندی "یازی بڵاغی" سەقز، ئامۆزای شیخ ئەمینی کەسنەزان .

٤- **عەلی ئاغای جەوانمەردی** ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧)( عەلی ئاغای تەمووتە) خاوەن ملکی گوندی "تەمووتە" و لە هۆزی گەورکی سەقز .

٥- **ڕەسووڵ ئاغای مەحموودی** ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) (ڕەسووڵ ئاغاتی میرەدێ) خاوەن ملکی گوندی " میرەدێ" و لە هۆزی گەورکی سەقز .

٦- **ئەحمەد خانی شەجیعی** ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) (ئەحمەد خانی کەڵتەگە) خاوەن ملکی گوندی "کەڵتەگە"ی سەقز و لە بەرەبابی ڕەشید خانی شەجیعولسەلتەنەی عەشیرەتی فەیزوڵابەگی.

٧- **عەلی خانی فاتیح** ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧)(عەلی خانی قەلەندەر ) خاوەن ملکی گوندی "قەلەندەر"ی سەقز لە بەرەبابی حاجی حەمە حەسەن بەگی عەشیرەتی فەیزوڵابەگی .

٨- **حەسەن خانی فەیزوڵا بەگی** ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) (حەسەن خانی کانی نیاز) خاوەن ملکی گوندی کانی نیاز"ی سەقز لە بەرەبابی ئاغا شێربەگی عەشیرەتی فەیزوڵابەگی .

٩- **محەمەدخانی دانیشوەر** ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) خاوەن ملکی گوندی "ئاڵکەلوو"ی سەقز و و یەکێکی دیکە لە کوڕانی خەلیل خانی فەیزوڵابەگی سەر بە بەرەبابی ئاغا شێربگە و برای ئەحمەد خانی فاروقی، لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی.

١٠- **محەمەدخانی فەیزوڵابەگی** ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) (حەمەخانی باباخان بەگ) خاون ملکی گوندی "قارەوا چکۆڵە"ی سەقز سەر بە بەرەبابی ئاغا شێربەگی عەشیرەتی فەیزوڵابەگی .

١١- **عەبدوڵا خانی مەتین** ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) (عەبدوڵا خانی داشاڵووجە ) خاون ملکی گوندی"داشاڵووجە"ی سەقز و یەکێکی دیکە لە کوڕانی خەلیل خانی فەیزوڵابەگی سەر بە بەرەبابی ئاغا شێربگە و برای ئەحمەدخانی فاروقی و محەمەد خانی دانیشوەر و لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی بوو.

١٢- **ئەحمەد خانی فاروقی** ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧)(سالار سەدر)، موعاوینی هێزی بۆکان و ناوچە. شەهید ئەحمەدی فاروقی، کە بە "ئەحمەدخانی خەلیل خان" یان بە ناوی گوندەکەیەوە بە "ئەحمەد خانی قیلەسوون" دەناسرا و لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی بوو.

ئەحمەد خانی فاروقی و دووبرای شەهیدی عەبدوڵاخانی مەتین( عەبدوڵا خانی داشاڵووجە) و محەمەد خانی دانیشوەر ( محەمەدخانی ئاڵکەلوو) لە گەڵ پێشەوا قازی محەمەد ، سەدری قازی و سەیفی قازی خالۆزا و پوورزا بوون.

## شەهیدانی لە سێدارە دراوی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد

١- **پێشەوا قازی محەممەد** ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٣٠ی مارسی ١٩٤٧) یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان لە چوارچرای شاری مەهاباد.

٢- **محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی** ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٣٠ی مارسی ١٩٤٧) جێگری سەرۆک کۆمار و وەزی هێزی بەرگری کۆماری کوردستان و ئامۆزای پێشەوا قازی،

٣- **ئەبولقاسم سەدری قازی** ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٣٠ی مارسی ١٩٤٧) نوێنەری خەڵکی مەهاباد و دەوروبەری لە پارڵمانی ئێران، نوێنەری حکوومەتی کوردستان لە تاران و برای بچوکی پێشەوا قازی محەممەد .

٤- **عەبدوڵای ڕەوشەنفکر** ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٧ی ئاوریلی ١٩٤٧)(عەبدوڵای خدر حەیرانێ) لە ئەفسەری هێزی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان لە مەهاباد.

٥- **ڕەسووڵی نەغەدەیی** ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٧ی ئاوریلی ١٩٤٧) لە مەهاباد.

٦- **محەممەدی نازمی** ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٧ی ئاوریلی ١٩٤٧ ) لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان لە گەڵ سێ هاوڕێی دیکەی لە مەهاباد .

٧- **حامیدی مازووچی** ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٧ی ئاوریلی ١٩٤٧) لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان و فەرماندەی دیژبانیی ناوەندی مەهاباد .

## ئەفسەرانی شەهیدی لە سێدارە دراوی کۆماری کوردستان لە لایەن حکوومەتی عێراق

١- **عێزەت عەبدولعەزیز** ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٢٦ (١٩ی ژوئەنی ١٩٤٧) سەرپۆلی ٢ عێزەت عەبدولعەزیز وچاوپێکەوتنی سەرلەشکر ڕەزم ئاراِ دوای سەرکەوتنی هێزی کوردستان لە شەڕی قارەوا.

٢- **مستەفا خۆشناو** ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٢٦ (١٩ی ژوئەنی ١٩٤٧) سەرپۆلی ٢ فەرماندەی لکی ١ی هێزی بارزانیان لەسەردەمی کۆماری کوردستان.

٣- **محەممەد قودسی** ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٢٦ (١٩ی ژوئەنی ١٩٤٧) (کاپیتان) محەممەد مەحموود قودسی لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا لە زۆر بۆنە و ڕێوڕەسمی فەرمیدا بە نوێنەرایەتی ژەنەراڵ مایۆر مەلا مستەفای بارزانی وتەی پێشکەش کردووە و هەر وەها یەکێک لە نووسەرە چالاکە کانی ڕۆژنامەی کوردستان بووە .

٤- **خەیروڵا عەبدولکەریم** ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٢٦ (١٩ی ژوئەنی ١٩٤٧) مایۆر ( سەرلک ) لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان.

چوار ئەفسەری بەوەجی کۆماری کوردستان بوون و بە دوای ڕووخانی کۆمار چووبوونەوە عێراق لە ١٩- ٦ – ١٩٤٧ لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتی عێراقەوە ئیعدام کران

سەرچاوە : سایتی وێنەی کۆماری کوردستان – حەسەن قازی

سەرچاوە Serchawe

# یادیک لە ژنە ناوداری کورد حەپسە خانی نەقیب
## ١٨٩١ - ١٩٥٣

ژنە ناوداری کورد پەروەرو خێرخوازو خەمخۆری ژنانی کوردستان، حەپسەخانی نەقیب، کچی مەعرووف بەرزنجی نەوەی کاک ئەحمەدی شێخ و ئامۆزای شێخ مەحمودی مەلیکی کوردستان و هاوسەری شێخ قادری حەفید، لە ساڵی ١٨٩١دا لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە.




بۆیە پێیدەڵێن حەپسە خانی نەقیب، چونکە مەعرووف بەرزنجی باوکی ( نەقیب) بووە. ئەم پلەی(نەقیب - یە)شی لەلایەن حکوومەتی عوسمانیەوە پێبەخشراوە بەو هۆیەوە کە نوێنەری (سادات - شێخان) بووە.

حەپسەخان لەو بنەماڵە گەورە ئایین و زانست پەروەرە خزمەتگوزارەی کورد پەروەردە بووەو بووەتە یەکێک لە ژنە هەرە بەناوبانگەکانی کوردستان، چونکە ژنێکی بەخشندەی چاوتێرو خێرخواز بووە و گەلێک زمان شیرین و دەروون پاک بووە، دیوەخانەکەی هەردەم پڕ لە ژنانی شاری سلێمانی و دەورو بەری بووە و هەر ژنێیێک تووشی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی یا دارایی بوویێ و زۆریی لێکرابێ، پەنای بردۆتە بەر حەپسەخان و ئەویش بەدڵێکی فراوانەوە لە کێشەکەی کۆڵیوەتەوە بۆی چارەسەر کردووە، زۆر جار یارمەتییەکی باشی دارایی ئەو ژنانەشی داوە، تا وای لێهاتوە نەک هەر لە ناو ژنانداا ڕۆڵ و نرخی کۆمەڵایەتی خۆی هەبێت، بەڵکو لە ناو هەموو خەڵکی کوردستاندا ڕێزو پایەیەکی تایبەتی بووە و لەو کاتەی کە ماڵ و دیوەخانەکەی حەپسەخان ببووە قوتابخانەیەکی کۆمەڵایەتی کورد و ژنان لێیەوە فێری ڕەوشتی بەرزی کۆمەڵایەتی دەبوون، لە هەمان کاتیشدا مەڵبەندێکی بەرزی نیشتمانپەروەریش بوو، ژنان لەو مەڵبەندە کۆمەڵایەتییەی ئەو شێرەژنە کوردە، هەستی کوردایەتییان دەرورووژاو بیری ڕامیارییان لەلا پەروەردە دەبوو.

لەکاتێکدا کە لە کۆڕو کۆبوونەوەی ژناندا باسی جلوبەرگی ئاڵوواڵای ژنان و باسی ئەمو ئەو دەکرا، لە کۆڕو دیوەخانی حەپسەخان - دا هەرباسی ڕەوشت پاکی و کورد پەروەریی و مافی نەتەوایەتی کورد و ئازادیی خاکی کوردستان دەکرا.

ساڵی ١٩٢٣ کە سمکۆی شکاک هاتە سلێمانی و پێشوازییەکی شاهانەی لێکراو ژنانی سلێمانی بەکاریگەریی حەپسەخان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە و ڕژاونەتە سەر شەقامەکان.

لە ١٩٣٠/٦/٢٨ یەکەمین کۆمەڵەی ژنان بەناوی (کۆمەڵەی ئافرەتانی کورد) بە سەرۆکایەتی حەپسەخانی نەقیب دامەزراوە، حەپسەخانی عیرفانە فەنی، خێزانی جەمیل سائیب سکرتێری بووە و بارەگای تایبەتیشیان هەبووە. بێگومان دروستکردنی کۆمەڵەیەک لەلایەن ژنێکەوە بۆ داکۆکی کردن لە ماف و داواکانی ژنان لە ناوەڕاستی نیوەی یەکەمی سەدەی رابردوودا، نموونەیەکی کەم وێنەیە، تەنانەت لەو رۆژگارەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست - یشدا.



ئەم ژنە وریا و تێکۆشەرەی کورد، ساڵی ١٩٣٠ ، نامەیەکی ڕامیاریی مێژوویی بۆ ڕێکخراوی (کۆمەڵەی نەتەوەکان - عصبە الامم) لە "جنێف" نووسی و بە ڕاشکاوی داوای مافی چارەنووسی کوردی کرد، لەسەر خاکی کوردستان، کە ئەو داواکارییەی ئەو ژنە کوردە، دەنگێکی باشی دایەوە، بە تایبەتی لەو سەردەمە تاریکەی کورد پێیدا تێدەپەڕی.

کاتێکیش کە کۆماری دیموکراتیی کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازیی محەمەد لە١٩٤٦.٠١.٢٢ دا لە مەهاباد دامەزرا، حەپسەخان بەهەموو توانایەکی دارایی پشتگریی ئەو کۆمارە ئازیزە ساوایەی کوردی کرد بەرامبەر بەو هەڵوێستەی پێشەوا سوپاسنامەیەکی تایبەتی بۆ ناردو ڕێزێکی زۆری لێنا.

حەپسەخان لە بواری زانستپەروەریی و بڵاوکردنەوەی خوێندەواری لەناو ژنانی کورددا، ڕۆڵێکی باڵای بووە، بۆیە نەک هەر مایەی شانازیی پێوەکردنی ژنانی کورد بووە، بەڵکو جێگەی شانازی سەرجەم میللەتی کوردبووە، چونکە جگە لە هەڵوێستی چاکە خوازیی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاریی خەڵک و یارمەتیدانی هەژارو نیشتمانپەروەریی پڕ لە دڵسۆزیی و ڕاستگۆیی، هەڵوێستێکی بەرزیشی هەبووە بەرامبەر بەکردنەوەی قوتابخانەی ژنان بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواریی، هەوڵێکی بێ پایانی دا بۆ کردنەوەی خوێندنگەیەکی ژنان کە بە ئێواران ژنانی کورد لەو قوتابخانەیە دەیانخوێند، تەنانەت حەپسەخان خۆشی بوو بە قوتابی ئەو قوتابخانەیە کە یەکەم قوتابخانەی ژنان بوو لە مێژووی کورداو خانویەکی خۆی بەخشی کە بکرێت بە قوتابخانە، پاشانیش ئەو قوتابخانەیە کە ماڵی خۆی بوو لەسەر پەروەردەی تاپۆ کرد.

ئەم ژنە چاکەخوازەی کورد لە تەمەنی شەست و دوو ساڵیدا، لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٢ی نیسانی(ئاوریلی) ١٩٥٣ ، بە نەخۆشی شێرپەنجە، کۆچیدوایی کردو لە لەگردی (سەیوان)ی شاری سلێمانی بەخاکسپێردرا، بە کۆچی دوایی حەپسەخان، لەو رۆژگارەدا کەلێنێکی گەورە لە بواری تێکۆشان بۆ ئازادی و یەکسانی ژنانی کوردستان دروست بوو

سەرچاوە : www.ywti.net

# ڕۆژژمێری مێژووی کوردستان - مانگی خاکەلێوە (مارس و ئاوریل)




ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ٢١ی مارسی ١٩٨٨ | جیابوونەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران و ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران ، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر دوای کۆنگرەی ٨ |
| ٢ | ٢١ی مارسی ١٩٧٩ | سازکردنی شەر لە سنە لە لایەن پیلانگیرانی کونەپەرستی کۆماری ئیسلامی کە چەند ڕۆژی خایاند و بە نەورۆزی خوێناوی سنە ناوەدەر کراوە. |
| ٣ | ٢١ی مارسی ١٩٤٦ | بەرێوە چوونی ئاهەنگی نەورۆزی کوردان لەشاری بەغدا و لە باخچەکانی مەلیک فەیسەل . |
| ٤ | ٢١ی مارسی ١٩٤٦ | چاپ بڵاوبوونەوەی گۆڤاری (هاواری نیشتمان) لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد . |
| ٥ | ٢١ی مارسی ١٩٧٩ | جیابوونەوەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان . |
| ٦ | ٢١ی مارسی ١٩٨٢ | پێک هاتنی کۆڕێک لەسەر ژیانی هونەرمەندی ناوداری کورد کاوێس ئاغا لە شاری هەولێر. |
| ٧ | ٢١ی مارسی ٢٠٠٨ | کۆچی دوایی کەماڵ خەبات سەرۆکی زانکوی سلێمانی و ڕاوێژکاری خوێندنی بالا لە شاری سلێمانی. |
| ٨ | ٢١ی مارسی ١٩٨٩ | کۆچی دوایی نورەدین زازا تێکۆشەر و ڕوناکبیری ناسراوی کورد. |
| ٩ | ٢١ی مارسی ٢٠١٠ | یەکگرتنی پارتی سۆسیال دێموکراتی کوردستان(ڕۆژهەڵات)و کۆمەڵەی شۆڕشگیری زەحمەتکێشانی کوردستان – ڕەوتی یەکگرتنەوە. و دامەزرانی (کۆمەڵە- پارتی سۆسیال دێموکراتی کوردستان). |
| ١٠ | ٢١ی مارس | جێژنی نەتەوایەتی نەورۆز و سەری ساڵی نوێ کوردی.(لە دەقە ئەفسانەییەکاندا هاتووە کە یەکەمین شەممەی مانگی یەکەمی ساڵی١٧٦٧ ی پێش زایین حەزرەتی زەردەشت لە دایک بووە، بۆیە ئەو ڕۆژەیان بە نەورۆز نێودێر کردوە،). |
| ١١ | ٢١ی مارسی ١٩٤٦ | بڵاوکردنەوەی گۆڤاری هەڵاڵە گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی بە سەرپەرستی سەرنوسەر حەسەنی قزڵجی.بەهەمووی سێ ژمارەی لێ دەرکراوە لە بۆکان. |
| ١٢ | ٢١ی مارسی ١٩٨٥ | شەهید بوونی سەدیق فەرۆخیان تێکۆشەر و چاڵاکی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاکامی شەری نێوخۆیی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە.لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ١٣ | ٢٢ی مارسی ٢٠٠٣ | بۆردومان کردنی مەقەر و پێگەکانی ئەنساروئیسلام لە ناوچەکانی هەورامان . |
| ١٤ | ٢٢ی مارسی ٢٠٠٩ | کۆچی دوایی دوکتور کاوس قەفتان مێژوو نووس و ڕوناکبیری لێهاتووی کورد لە شاری سلیمانی. |
| ١٥ | ٢٢ی مارسی ١٩٧٢ | بەرێوەچوونی یەکەمین میهرەجانی شێعری کوردی لە شاری کەرکوک باشووری کوردستان. |
| ١٦ | ٢٢ی مارسی ١٩٩٢ | کۆچی دوایی مەلا قادری مودەرەسی ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و بەرپرسی "چاپخانەی کوردستان" لە سەردەمی کۆماری کوردستان. |
| ١٧ | ٢٢ی مارسی ١٩٧٣ | شەهید بوونی قادری ویردی چالاکی سیاسی و نیشتمانپەرەوی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەست هیزەکانی ڕێژیمی پاشایەتی ئێران لە شاری بانە |
| ١٨ | ٢٢ی مارسی ٢٠١١ | کۆچی دوایی جەوهەر نامق سالم سیاسەتمەدار و یەکەم سەرۆکی پارڵەمانی کوردستان لە وڵاتی سوئید. |
| ١٩ | ٢٣ی مارسی ١٩٦٠ | کۆچی دوایی محەممەد سەعید نەورەسی کەسایەتی نیشتیمان پەروەری و شۆڕشگیرو یەکێکە لەو زانا ئاینییە بەناوبانگانەی کورد.باکووری کوردستان. |
| ٢٠ | ٢٤ی مارسی ١٩٢٣ | بەهۆی هێرشی ئینگلیزەکانەوە شێخ مەحموود و شۆررشگێران ناچار بوون شاری سلێمانی بە جێبهێڵن. |
| ٢١ | ٢٤ی مارسی ٢٠٠٧ | کاناڵی ئاسمانی نەورۆز تی ڤی دەستی بە بڵاو کردنەوەی بەرنامەکانی خۆی کرد. |
| ٢٢ | ٢٥ی مارسی ١٩٧٦ | کۆچی دوایی ئیحسان نوری پاشا تێکۆشەر، نووسەر و ئەندامی چالاکی کۆمەڵەی خۆیی بوون پاش (٦٤) ساڵ لەدەربەدەری، لەشاری تاران. |

Serchawe

| | | |
|---|---|---|
| ٢٣ | ٢٥ی مارسی ١٩٢٦ | بڵاو کردنەوەی گۆڤاری (زاری کرمانجی) گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی،هونەری،ئەدەبی مانگانە،بە هەمووی ٢٤ ژمارەی لێ بڵاو کرایەوە. |
| ٢٤ | ٢٦ی مارسی ١٩٤٨ | چاپ و بڵاو کردنەوەی گۆڤاری نزار بەسەرپەرشتی عەلائەدین سەجادی لە شاری بەغدا. |
| ٢٥ | ٢٧ی مارسی ١٩٩١ | داگیرکردنەوە دووبارەی شاری کەرکوک لە لایەن هێزە سەرکوت کەرەکانی ریژێمی بەعسی عێراق. |
| ٢٦ | ٢٧ی مارسی ١٩٨٠ | کوشت و بری بە کۆمەڵەی خەڵکی گوندی قەلاتان لە ناوچەی نەغەدە لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران لە رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ٢٧ | ٢٨ی مارسی ٢٠٠٤ | کۆچی دوایی سەروەت سەوز هونەرمەندی نیگارکێشی بە توانای کورد لە شاری بەغدا. |
| ٢٨ | ٢٨ی مارسی ١٩٩٤ | دامەزرانی بزوتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان. (بەهادین نوری سکرتێری ئەو بزوتنەوە بوو تا ساڵی٢٠٠٤) لە باشووری کوردستان . |
| ٢٩ | ٢٨ی مارسی ١٩٧٩ | چوونی هەیئەتێکی حیزبی دیموکرات بە سەرپەرستی دوکتور قاسملوو بۆ لای ئایەتوڵڵا خومەینی بۆ چارەسەر مەسەلەی کورد لەشاری قوم. |
| ٣٠ | ٢٩ی مارسی ١٩٥٦ | کۆچی دوایی میرزا مارف شاعیری هەڵکەوتووی کورد. |
| ٣١ | ٢٩ی مارسی ٢٠٠٩ | سەرکەوتنی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیک(DTP)لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی باکووری کوردستان. |
| ٣٢ | ٣٠ی مارسی ١٩٤٧ | لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان لە چوارچرای شاری مەهاباد،لە لایەن رژێمی دیکتاتوری بنەماڵە پاشایەتی ئێران. |
| ٣٣ | ٣٠ی مارسی ١٩٤٧ | لە سێدارە دانی محەممەد حوسێن سەیفی قازی وەزیری بەرگری کۆماری کوردستان جێگری پێشەوا قازی محەممەد و ئامۆزای پێشەوا قازی محەممەد بە دەست ریژیمی پاشایەتی ئێران لەچوارچرای شاری مەهاباد. |
| ٣٤ | ٣٠ی مارسی ١٩٤٧ | لە سێدارە دانی ئەبولقاسمی سەدری قازی نوێنەری خەڵکی مەهاباد و دەوروبەری لە پارلەمانی ئێران و برای بچوکی پێشەوای قازی محەممەد بە دەست ریژیمی پاشایەتی ئێران لە چوارچرای مەهاباد |
| ٣٥ | ٣٠ی مارسی ١٩٧٩ | تەحریم و بایکوت کردنی ریفراندوم و دیاری کردنی سیستمی حکوومەتی ئێران لە لایەن حیزب و بەشی هەرە زۆری خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ٣٦ | ٣١ی مارسی ١٩٤٣ | بڵاو بوونەوەی گۆڤاری روناکی لە شام. |
| ٣٧ | ٣١ی مارسی ١٩٩١ | کۆچی میلیۆنی کۆمەڵانی خەڵکی باشووری کوردستان (کۆڕەو) لەترسی هێرش و پەلاماری سوپای ریژیمی بەعسی عێراق. |
| ٣٨ | ٣١ی مارسی ٢٠٠٣ | کۆچی دوایی مەناف کەریمی تێکۆشەری سیاسی، وەزیری فەرهەنگ لە کۆماری کوردستان و ئەندامی دەستەی نوێنەرایەتی کورد بۆ سەفەری باکۆ، |
| ٣٩ | ١ی ئاورێلی ٢٠٠٢ | کۆچی دوایی مامۆستا مەسعود محەممەد جەلیزادە هزرڤان و نووسەری کورد لە شاری هەولێر. |
| ٤٠ | ١ی ئاورێلی ١٩٢٣ | شاری هەولێر بوو بە پارێزگا و لە شاری کەرکوک جیابووە. |
| ٤١ | ١ی ئاورێلی ١٩٤٢ | دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری رۆناهی لەلایەن جەلادەت عەلی بەدرخان. |
| ٤٢ | ١ی ئاورێلی ١٩٦٠ | بڵاو کردنەوەی گۆڤاری رۆژی نوێ لە شاری سلێمانی. |
| ٤٣ | ١ی ئاورێلی ١٩٩٨ | بڵاو بوونەوە ژمارە سفری گۆڤاری مافی ئافرەت لە شاری هەولێر. |
| ٤٤ | ٢ی ئاوریلی ٢٠٠٨ | خەڵاتی یەکەمی(ECHO AWARD)وەزارەتی کلتوری خوێندی بالای هولەند بە کچە کوردی خوێندکاری ماستەری فیلم و سینەما رۆژهەڵاتی کوردستان بیری شەڵماشی. |
| ٤٥ | ٢ی ئاوریلی ٢٠٠٣ | سەددام حوسێن سەرۆکی دیکتاتۆری عێراق داوای لە کورد کرد یارمەتی هێزەکانی ئەمریکا نەدەن. |
| ٤٦ | ٢ی ئاوریلی ٢٠٠٤ | حکوومەتی کۆریای باشوور بریاریدا (٣٠٠٠) سەرباز رەوانەی هەرێمی کوردستان بکات. |
| ٤٧ | ٢ی ئاوریلی ١٩٧٣ | کۆچی دوایی حوسێنی زێرینگەران(حوسێنی فرووهەر)، ئەندامی ژمارە ١ی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ - ک) و ئەفسەر و چالاکوانی سیاسی کورد لە تاران |
| ٤٨ | ٣ی ئاوریلی ١٩٩٧ | کۆچی دوایی ئەحمەد شامال(ئەحمەد مەحموود) هونەرمەندی گۆرانیبێژ لە شاری سلێمانی. |
| ٤٩ | ٤ی ئاوریلی ٢٠٠٤ | ساڵرۆژی دامەزرانی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان ( پژاک). |
| ٥٠ | ٥ ی ئاوریلی ١٩٢٥ | شێخ سەعیدی پیران و (٣٠) کەس لەهاورێیانی لەلایەن رژێمی تورکیە دەستگیرکران. |
| ٥١ | ٥ ی ئاوریلی ١٩٢٧ | هەڵکەندنی یەکەم بیری نەوت لەشاری کەرکوک . |
| ٥٢ | ٥ ی ئاوریلی ١٩٣١ | هەڵگیرسانی شەری (ئاو باریک) لەنێوان هێزەکانی ئینگلیز و پێشمەرگەکانی شێخ مەحمود لەناوچەی کفری. |
| ٥٣ | ٥ ی ئاوریلی ١٩٩١ | پەسەند کردنی بریاری (٦٨٨) لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەبەرژەوەندی کورد و دژی حکوومەتی عێراق. |
| ٥٤ | ٦ی ئاوریلی ١٩٤٧ | تیرەباران کردنی چوار ئەفسەری سوپای میللی کوردستان، رەوشەنفیکر،مازوچی،نەغەدەیان، ونازمی لە شاری مەهاباد. |
| ٥٥ | ٦ی ئاورریلی ١٩٩٨ | کۆچی دوایی رەهبەر جەلال هونەرمەندی نیگارکێش،مۆسیقاژەن و نیشتمانپەروەری کورد لە شاری هێلسینکی فینلاند. |
| ٥٦ | ٦ی ئاوریلی ١٩٤٦ | بڵاوبوونەوەی گۆڤاری هاواری نیشتمان لە شاری مەهاباد. |
| ٥٧ | ٦ی ئاوریلی ٢٠٠٠ | کۆچی دوایی ئیبراهیم ئەحمەد نووسەر، پارێزەر و تێکۆشەری کورد لە شاری لەندەنی بریتانیا. |
| ٥٨ | ٦ی ئاوریلی ١٩٨١ | کۆچی دوایی محەممەد ئەمین کاردۆخی شاعیری بەناوبانگی گەلی کورد لەشاری سلێمانی. |
| ٥٩ | ٧ی ئاوریلی ٢٠٠٥ | بۆ یەکەم جار لە مێژووی عێران پارلەمانی عێراق جەلال تالەبانی بە رەگەز کوردی بە سەرۆک کۆماری عێراق هەڵبژارد. |
| ٦٠ | ٨ی ئاوریلی ١٩٩٣ | بۆیەکەم جار کۆنفرانسێک بەناوی بۆتان لە باکووری کوردستان پێک هات. |
| ٦١ | ٨ی ئاوریلی ١٩٩٩ | دامەزراندنی کۆمەڵەی ژینی کوردستان. |
| ٦٢ | ٨ی ئاوریلی ٢٠٠٠ | ماڵئاوایی مەلا عەلی مەلا عەبدولڵا سەرۆکی یەکیەتی زانایانی ئایینی ئیسلامی لە کوردستان |

سەرچاوە Serchawe

| | | |
|---|---|---|
| ٦٣ | ٩ی ئاوریلی ١٩٨٨ | دەست پێکردنی پرۆسەی سێهەمی بەناو ئەنفال لەناوچەکانی گەرمیان . |
| ٦٤ | ٩ی ئاوریلی ١٩٩٠ | کۆچی دوایی شێخ ئەمین شێخ عەلائەددین نەقشبەندی (بێوەی). شاعیری بە توانای کورد. |
| ٦٥ | ٩ی ئاوریلی ٢٠٠٣ | ئازاد کردنی بەغدا لە لایەن هێزەکانی هاوپەیمان و رووخانی ریژیمی دیکتاتوری بەعسی سەددام حوسێن لە عێراق. |
| ٦٦ | ٩ی ئاوریلی ٢٠٠٥ | ساڵرۆژی دامەزرانی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان(R.M.M.K) لە ئێران. |
| ٦٧ | ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧ | دەرچوونی بریاری مێژوویی دادگای میکونوس و تاوانبار کردنی رێبەرانی ترۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی ئێران. |
| ٦٨ | ١٠ی ئاوریلی ١٩٦٦ | بزر کردنی ناوی ١٠ هەزار هاوڵاتی رۆژئاوای کوردستان و لێ ستاندەنەوەی رەگەزنامەی کوردبوون، لەلایەن دەسەڵاتدارانی دیکتاتوری سوورییە. |
| ٦٩ | ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٩ | پێک هاتنی کۆنگرەی ١٨ی فیدراسیۆنی کۆمەڵەی کوردستانییەکان لە سوئید. |
| ٧٠ | ١١ی ئاوریلی ١٩٣٠ | کۆچی دوایی فەرەجوڵلا زەکی شارەزای چاپگەری کورد دانیشتووی وڵاتی میسر. |
| ٧١ | ١١ی ئاوریلی ١٩٧٦ | ماڵئاوایی شێخ مەمدوح بریفکانی شاعیری لێهاتووی کورد. |
| ٧٢ | ١١ی ئاوریلی ٢٠٠٧ | هەڵگیرسانی تەنگژەی نێوان کوردستان وحکوومەتی تورکیە سەبارەت بە لێدوانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەمەر شاری کەرکوک. |
| ٧٣ | ١٢ی ئاوریلی ١٩٩٤ | کۆچی دوایی رەسوڵ مامەند یەکێک لە دامەزرێنەرانی بزوتنەوەی سوسیالیستی و سکرتێری حیزبی سوسیالیست لە باشووری کوردستان لە شاری لەندەن |
| ٧٤ | ١٣ی ئاوریلی ٢٠٠٢ | کۆچی دوایی رووناک یاسین مامۆستای زماناناس و میتۆلوژی و نووسەری بەتوانای کورد لە واشینگتۆن پێتەختی ئامریکا. |
| ٧٥ | ١٣ی ئاوریلی ٢٠٠٩ | ئاگربەسی یەکلایەنەی پارتی کرێکارانی کوردستان لەپێناو سەرختنی دیالۆگ و چارەسەری کێشەکان بەرێگەی ئاشتیانە. |
| ٧٦ | ١٤ی ئاوریلی ١٩٧٩ | ساڵرۆژی دامەزراندنی بزووتنەوەی ئاشووری کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ٧٧ | ١٤ی ئاوریلی ١٩٨٢ | مانگرتنی قوتابیانی زانکۆی سەڵاحەددین دژی رژێمی بەغدا لە باشووری کوردستان. |
| ٧٨ | ١٤ی ئاوریلی ١٩٩٥ | دامەزرانی پارلەمانی کوردستان دەرەوەی وڵاتی باکووری کوردستان لە شاری لاهەی هولەند. |
| ٧٩ | ١٤ی ئاوریلی ١٩٥٢ | دامەزرانی کۆمەڵی ئازادی و ژیانەوە و یەکیەتی کورد (کاژیک) لە لایەن جەمال نەبەز. |
| ٨٠ | ١٤ی ئاوریلی ١٩٨٨ | رۆژی ئەنفالی خەڵکی کورد لە باشووری کوردستان لە لایەن کاربەدەستانی رێژیمی بەغداوە. |
| ٨١ | ١٤ی ئاوریلی ١٩٠٢ | چاپ و بڵاوکردنەوە ژمارە (٣١) دوا ژمارەی رۆژنامەی کوردستان لە شاری ژنیف. |
| ٨٢ | ١٥ی ئاوریلی ١٩٥٣ | کۆچی دوایی حەپسەخانی نەقیب ژنە تێکۆشەر و چالاکوانی سیاسی کورد لە شاری سلێمانی. |
| ٨٣ | ١٦ی ئاوریلی ١٩٨٧ | شیمیا باران کردنی ناوچەکانی (بالیسان و شێخ وەسانان) لەلایەن رژێمی (بەعس) کە 306 شەهیدی لێکەوتەوە. |
| ٨٤ | ١٦ی ئاوریلی ١٩٩١ | هێزەکانی هاوپەیمان بۆ پاراستنی خەڵکی باشووری کوردستان بریاری هێڵی ٣٦ی لە دژی رژێمی بەغدا دانا. |
| ٨٥ | ١٨ی ئاوریلی ١٩١٩ | رێککەوتنی دابەش کردنی کوردستان لەلایەن دەوڵەتانی فەرانسە و بەریتانیا. |
| ٨٦ | ١٨ی ئاوریلی ١٩٩١ | دەستی پێکردنی کۆبوونەوەکانی نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی سەددام حوسێن لەشاری بەغدا. |
| ٨٧ | ١٨ی ئاوریلی ١٩٨٦ | کۆچی دوایی مامۆستا هێمن تێکۆشەر و شاعیری ناوداری کورد لە شاری ورمێ رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ٨٨ | ١٩ی ئاوریلی ١٩٦٣ | ساڵرۆژی دامەزرانی کۆمەڵەی کورد لە وڵاتی لوبنان. |
| ٨٩ | ١٩ی ئاوریلی ١٩٨٧ | دەست بەسەر داگرتنی ناحیەی قەرەداغ لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان. |
| ٩٠ | ١٩ی ئاوریلی ١٩٩١ | هاوپەیمانان بەکردەوە هێڵی(٣٦)ی فرینی فرۆکەکانی رژێمی عێراقیان لە بەشێکی کوردستان قەدەغەکرد. |
| ٩١ | ٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٤ | رێورەسمی پەردەلادان لە سەر هیمای بیرەوەریی قوربانییانی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە رستورانی میکونووس ئاڵمان. سپتامبری(١٩٩٢) |
| ٩٢ | ٢٠ی ئاوریلی ١٩٧٩ | ساز کردنی شەر لە لایەن بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە متینگێکی ئارام و ئاشتیانەی حیزب دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری نەغەدە. |

تەرەغە



تەرەغە



# بەشی منداڵان





## ڕاوە ماسی

نووسینی / حاتەم باتاسی

جارێکیان مراویەک لە کەنار ڕووبارێکی بچووکەوە مەلەوانی دەکرد جاروبارێش دەنووکەکەی لە ئاوەکە گیر دەکردو دەیخستە ناو ئاوەکەوە بۆ ئەوەی هەر زیندەوەرێکی بچووک بکەوێتە بەر دەنووکی یەکسەر بیخوات. لەناو ئەو ڕووبارە بچووکەش کۆمەڵە ماسیەکی بچووک ژیانیان بەسەر دەبرد. یەکێک لە ماسیەکان زۆر ژیرو وریا بوو کە دیمەنی مراویەکەی بەو شێوازە لەسەر ئاوەکە بینی کە خەریک بوو وەکو دڕندە بەربێتە گیانی ماسیە بچووکەکان کوێرانە هەرچی بەر دەنووکی بکەوێت پەلاماریان بداتو بیانخوات بۆیە لەگەڵ هەموو ماسیەکان هاتە گفتوگۆو وتی:- ئەگەر کار بەو شێوازە بڕواتو ئەو مراویە هەمیشە بەو شێوازە بەدوامان بگەڕێت بۆ ئەوەی بمانکاتە ژەمە خۆراک ئەوا هەر هەموومان لەناو دەچین بۆیە ئەبێ بەهۆی ژیرێتی خۆمان بەفریای خۆمان بکەوین. ئەبێ ئەو مراویە ئاگادار بکەینەوە ئەو شوێنە جێ بهێڵێت، ئەگەر نەڕوات ئەوا بەهەر هەمووکمان لەژێر ئاوەکە هێرشی بۆ دەبەین، ئەمجارەیان لەجیاتی ئێمە ببینە ژەمە خۆراکی مراویەکە ئەوا مراویەکە دەکەینە ژەمە خۆراکی هەر هەمووکمان. بۆیە ماسیە ژیرەکە لەژێر ئاوەکە سەری خۆی لە بەرامبەر مراویەکە دەرهێناو پێی وت:- تۆ لەلای ئێمەی ماسی وەک دڕندەیەکی ترسناکیت چونکە لەژێر ئاوەکە وا خەریکە بەر دەبیتە گیانی ئێمەو لەناومان دەبەیت، بڕۆ وازمان لێ بهێنەو ئێمەش گیانی خۆمان خۆش دەوێتو حەزمان لە ژیانە... با لەژێر ئاوەکە بەخۆشی بژین، ژیانمان لێ تێک مەدە. مراویەکە بەمە زۆر شڵەژاو بەم وتانەی ماسیەکە نیگەرانی هەموو گیانی داگرتو زۆر پێی ناخۆش بوو، بۆیە وتی:- ئەو ڕووبارە بچووکە بەتەنیا موڵکی ئێوە نیە بەڵکو موڵکی منو ئێوەو هەموو گیانەوەرێکی تری ئاوییە .

ماسیە ژیرەکە وتی:- ڕاست دەکەی بەڵام ئێمەش هەر هەمووکمان بە ڕووبارەکەوە موڵکی خودای گەورەین... ئێمە بۆ تۆ دروست نەکراوین تا بەو شێوازە بمانکەیتە ژەمە خۆراکی خۆتو ئیتر لەناومان ببەیت .



..ئەی مراوی لێرەدا دەمەوێت ئامۆژگاریت بکەم ئەگەر بەقسەم بکەیت ئەوا دڵنیابە قازانجتە، ئەگینا بەپێچەوانە زەرەر ئەکەیت .

..بەسیە واز لە پیشەی دڕندایەتیت بهێنە، چونکە پاشەڕۆژی هەموو دڕندەیەک هەر فەوتانو لەناو چوونە، ئیتر هەتا زووە تۆش بەفریای خۆت بکەوەو لە خراپەکاری بگەڕێوە .

..مراویەکەش وتی:- من لەبەرامبەر ئێوە هەڵەو تاوانم ئەنجام داوە ئەگەر لێم ببورن لەچاکەی خۆتانە ئەگینا بەسزای خۆم ڕازیم، سوپاسی ئامۆژگاریەکانیشت ئەکەم بەڕاستی بەنرخن وە هەمیشە ئەبێ بەدوای شتی وا بەنرخ بگەڕێم کە نەک تەنیا سوودی هەبێت بۆ خودی خۆم بەڵکو بۆ هی وەکو ئێوەش سوودمەند بێت ...

ئەو ئامۆژگاریانەش بەدرێژایی تەمەنم لەگوێمەوە ئەگرمو لەمێشکمەوە ئیتر تۆمار بوو ...

ماسیەکەش بەو وتانەی مراویەکە زۆر خۆشحاڵ بوو بۆیە بۆ دوا جار پێی وت:- لەبەر ئەوەی دان بەهەڵەو تاوانەکەت نا وە ئامۆژگاریەکانمت وەرگرت ئێمە لێت دەبوورین، بەمەرجێک دووبارە نەکەیتەوە، چونکە ژیان بەئاشتیەوە خۆشە .. ئێمەو تۆو هەموو گیانلەبەرانی تر حەزمان لەباوەشی ژیانە لەژیانیش حەزمان لە بەختەوەریە ئینجا مراویەکەو ماسیەکە بەیەک دەنگ وتیان -:

کەواتە بڵێین:- ئیتر
ببین بەهاوڕێی یەکتر
هەتا لەژیان بمێنین
خۆشی بۆ یەکتر بێنین

## دایک






دایکی شیرینم ،دایە — خەندەی لێوەکانی تۆ
بۆ من هەموو دنیایە — ئاوازی لایلایەی تۆ
خوشترین سەمفۆنیایە — ماچی دەستەکانی تۆ
ووزەی میهرو وەفایە — بۆنی دایکایەتی تۆ
بۆ من نەش و نمایە — ئامێزی گەرم و نەرمت
باخچەی پڕ سەوزە گیایە — پەنجەی جوانت باڵامە
پرچی سپیت ئاڵامە — ئەشکت بارانی سۆزە
ناوی تۆ زۆر پیرۆزە — پاشای میهرەبانی تۆ
بەهەشت لە ژێر پێتدایە — بەهەشت لە ژێر پێتدایە

ئاکۆ محمد سابیر



# تەندروستی





## ڕۆژانە خواردنی سێو لە سەردانیکردنی پزیشک دوورمان دەخاتەوە

زانایانی تەندروستی ئەمریکی دەڵێن" ڕۆژانە خواردنی سێو ڕێگا لە سەردانیکردنمان بۆ نەخۆشخانەکان دەگرێت ، ئەمەش لەبەرئەوەی کە سێو لە مادەیەکی بەهێز پێکهاتووە ناهێڵێت ڕێژەی کۆلیسترۆل لە لەشدا زیادببێت .

توێژەران باهرام ئەریماندی و مارگرێت سیتۆن لە زانکۆی ویلایەتی فلۆریدا لەم لێکۆڵینەوەیەدا کە ماوەی ساڵێکی خایەندووە ، ئاشکرایان کرد ، کە ئەو ئافرەتانەی ڕۆژانە گرنگی بە خواردنی سێو دەدەن ئەوا ئاستی کۆلیسترۆل لە لەشیاندا بە پێوەی چوار زیاتر کەمتردەبێتەوە ، لەچاوی ئافرەتانی تردا .

لێکۆڵینەوەکە لەسەر ١٦٠ ئافرەتی تەمەن نێوان ٤٥ تا ٦٥ ساڵی ئەنجام دراوە ، کە ئەو ئافرەتانەی ڕۆژانە ٧٥ گرام سێوی وشکراوەیان دەخوارد ، وە بۆ ماوەی ١٢ مانگ بەردەوام بوون لەسەر خواردنی دەرکەوت کە ئاستی کۆلیسترۆلی "ئێل دی ئێل"ی ناسراو بە کۆلیسترۆلی زیانبەخش لەناو خوێنیاندا کەم بووتەوە .

زانایان ئاماژە بەوەدەکەن ، کە ئەو کۆلیسترۆلە مرۆڤ تووشی نەخۆشی زەهایمرو ڕەقبوونی خوێنبەرەکان دەکات .

هەروەها خواردنی سێو بەشێوەیەکی بەردەوام کە بەهۆیەوە ٢٤٠ یەکەی کاربۆهیدرات دەستمان دەکەوێت ، کێشی لەشی ئافرەت بە ڕێژەی ١،٥ کیلۆگرام کەم دەکاتەوە ، هەربوویە پێویستە ئافرەت ڕۆژانە ٧٥ گرام سێو بخوات .

## بە تەنها گرنگیدان بە خواردنی میوە مەترسی جەڵتەو نەخۆشیەکانی دڵ بەرزدەکاتەوە



توێژەرانی چینی لەمیانەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی تازەدا ئاشکرایان کردووە ، کە زۆر خواردنی میوەو بەتەوای دووركەوتنەوە لە خواردنی گۆشت و پێکهاتەکانی ئاژەلی ، دەکرێت مەترسی تووشبوون بە جەڵتەو نەخۆشیەکانی دڵ بەرزبکاتەوە .

دیو لی لە زانکۆی شیگیانگ لە هانگزو دەڵێت" خواردنی ڕێژەیەکی باشی گۆشت زۆر مەترسیدارترە لە خواردنی میوە لە زیادکردنی مەترسی تووشبوون بە نەخۆشیەکانی دڵ و مۆلۆلەکان ، بەلام تەنها گرنگیدان بە خواردنی میوەو دووركەوتنەوە لە خواردنی گۆشت و پێکهاتەکانی ئاژەلی مەترسی تەندروستی زووری هەیە ، ئەویش بە هۆی کەمبوونەوەی سەرچاوەی خوارکی بنەرەتی ، وەکو ئاسن و زنک و ڤیتامین "بی١٢"و ترشی "ئۆمێگا٣" .

لی ئاماژەشی بەوەدا ، کە میوە خۆران تووشی کەمبوونەوەی ئاستی کۆلیسترۆلی سوودبەخش لەناو خوێندا دەبنەوە ، وە لەهەمان کاتیشدا ئاستی مادەی هۆمۆسیدستیین بەرزدەبێتەوە ، کە ئەم دووکارەش پەیوەندی بە نەخۆشیەکانی دڵەوە هەیە .

هەروەها لێکۆڵینەوەکە لەسەر گۆڤاری کیمیاوی کشتۆکالی و خۆراکی ئەمریکی بلاوکرایەوە ، وە ئەوەشی دووپات کردەوە کە ئەوانەی بە تەنها میوە دەخۆن بە شێوەیەکی گەورە تووشی جەڵتەو نەخۆشیەکانی دڵ دەبنەوە . جێی باسە خواردنی گۆشت سوودەکەی لە ترشە چەوری "ئۆمێگا ٣ دایە ، کە ئەویش لە ماسی و گوێزو هێلکەو میوەی دەریای و شیردا هەیە .

## ترێ بەرگری لە قەلەوی دەکات



لێکۆڵینەوەیەکی تازەی ئەمریکی ئاشکرای کردووە ، کە ترێ ڕێگە لە گەشەی خانەکانی چەوری دەگرێت ، بە واتایەکی تر ڕێگە لە دیاردەی قەلەوی دەگرێت .

ماڵپەری "ساینس دەیلی" ئەمریکی بلاویکردەوە ، کە توێژەرانی زانکۆی تکساس دەڵێن" مادەی "بۆلیفینۆ" کە بە ڕێژەیەکی باش لەناو ترێی کێویدا هەیە ، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە کەمکردنەوەی گەشەی خانەکانی چەوری ، کە دژی قەلەوی دەجەنگێن .

خاتوونی توێژەر شیوانی موگا بەرپرسی لێکۆڵینەوەکە وتی" من وا دەبینم کە مادەی "بۆلیفینۆ"ی ناو ترێ دەتوانێت ڕێگە لە قەلەوی بگرێت لەسەر ئاستی بەشەکان ، ئەمەش بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیەی لەسەر مشک ئەنجام دراوە ، وە دەرکەوتووە کە "بۆلیفینۆ" ڕێگە لە خانەکانی چەوری دەگرێت .

بەپێی لێکۆڵینەوەکە بەرزی پێکهاتەکانی "بۆلیفینۆ" لەناو ترێی کێوی ، دەکرێت ئاستی چەوری بە ڕێژەی ٧٣% کەم بکاتەوە .

## هەنار چارەسەری ١١ نەخۆشی دەکات



لێکۆڵینەوەیەکی تازەی زانستی دەریخستووە کە میوەی هەنار سوودی هەیە لە چارەسەرکردنی ١١ جۆری نەخۆشیدا ، وە سوود بە جەستەی مرۆڤ دەگەیەنێت بەهۆی بوونی سەرچاوەیەکی زۆری خۆراکی تێیدا .

بەپێی سەرچاوەکانی هەوالی سەبای یەمەنی ، تووی هەنار بەکاردەهێنرێت بۆ لەناوبردنی ئەو بەکتریایەی هۆکاری تووشبونە بە حالەتی سکچوون ، وە دڵ و گەدە بەهێز دەکات ، هەروەها بەردی گورچیلە لەناو دەبات و پلەی گەرمی جەستەش نزم دەکاتەوە .

لەلایەکی تریشەوە گولی هەنار کە لەگەل ئاو تێکەلاودەکرێت و دەخورێتەوە دژی سکچوونە ، توێکلەکەشی سوود بە قلشانی دەستەکان دەگەیەنێت بەهۆی بوونی مادەی فلۆریدات تێیدا .

هەروەها هەنار بەکاردەهێنرێت بۆ چارەسەرکردنی شیرزەی دەروونی و هەندێ حالەتی شێرپەنجەی ، بەتایبەت کاتێک لەگەل هەنگوین تێکەل دەکرێت .

جێی باسە هەنار بە ڕێژەی ١٠ تا ١٥% لە مادەی شەکرو ١% لە ترشی لیمۆ و ڕێژەیەکی بەرزی ئاو و مادەی پرۆتینی پێکهاتووە ، لەگەل چەندین جۆری کانزا .


سەرچاوە : کوردستان تی ڤی

سەرچاوە
Serchawe



# وتەی زانایان





بۆ مرۆڤی بێ هێواش ، زەوی بە قەرا خۆی تەسکە.

ئەگەر مزگێنیەکت بۆ کەسێک پێیە ، پەلە بکە لە گوتنی.

باشترین بەرنامە دارشتن بۆ داهاتوو ، سوود وەرگرتنی دروست لەکاتە.



مرۆڤی کامل و تەواو کەسێکە کە ژیانی خۆی بە دەستی خۆی دروست بکات.

ئازادی بیرکردنەوە و پێنوس و زمان و ....... دەبێتە هۆی ئاوەدانی ولات.

وتوویژی خۆت برادەرانە دەست پی بکە.

جوانترین شعر لە سەرانسەری جیهان لایە لایەی دایکانە.



ئیمان سەبرو لێبوردنە .

بە خۆڕاگری بە هەموو شتێک دەتوانی بگەیت.

ئازادی مافەو دەبیت وەرگیرێ و دیاری نییە پێشکەش بکرێت.



بە هەبوونی ئیرادەی بەهێز دەبیتە خاوەنی هەموو شتێک.

بەفیرۆدانی کات خۆ کوشتنێکی ڕاستەقینەیە.

بیر لە ژیان بکەنەوە بەلام خەمی بۆ مەخۆن .


هاوڕێکانم دارایی و سامانی منن.



پێکەنین باشترین چەکی شەڕە لە دژی ژیان.

پیاوی زانا هەمیشە کەسێکە کە بیەوێ شتێک فێر بێت.

بەختەوەری لەوە دایە سنووری هەموو شتێک بزانین و ڕێزی لێ بگرین



خاوەنی ڕەوشت و ئەخلاقی پاک ڕۆحی کۆمەلگەی خۆیانن.

عەشق و خۆشەویستی باشترین دەرمانە.

ڕاستگۆیی باشترین سیاسەتە.

سەرچاوە Serchawe



# پەندی پێشینیان





بەو کەسە دەکرێ بڕوا و مەتمانە
پابەندی وەفاو عەهدو پەیمانە

گەر بە درۆزن ناوبانگت ڕۆیی
بێنرخی لەلای بێگانە و خۆیی

پیاو کارێک بکا کە پێی بوەستێ
دوو شوتی هەڵناگیرێ بە دەستێ

خۆت لێ نەگۆڕێ گەر بوویتە گەورە!
مەشهورە دنیا بە پێچ و دەورە

مەشهورە بزن بۆ تاقە شەوێ
جێگای خۆش دەکا لە کوێ وەرکەوێ

ناشکوری مەکە بەم بەشە کاکە
لە قوڕ نەوەندە تۆز هەستێ چاکە

لە چاکەی کەمی زاڵم مەتۆرە
موویەک لە بەراز بێتەوە زۆرە

ئەو کەسەی ڕاستە و حیسابی پاکە
لە حیسابکێشان بێ ترس و باکە

مار خۆشی نەهات لە سیری بێعار
لەبەر کونەکەی شین دەبوو بە بار

کاکە زۆر بۆلای خۆتی مەتاشە
نە شیش بسووتێ، نە کەباب باشە

برا وا چاکە نەیکەیە لایی
برامان برایی، کیسەمان جیایی


سەگ ئەگەر نەمرێ لە قەسابخانە
لێی زایە دەبێ ئەو عومرە جوانە

پشیلە دەمی بۆ دووگ نەدەچوو
دەیگوت پێم ناخوری، چەند سوێرە پەککو



لەلایەن: دیلان

سەرچاوە Serchawe




گۆڤاری یەکبوون، گۆڤارێکی گشتی سەربەخۆیە، بۆخزمەت بە بواری راگەیاندن و وشەی کوردی کار دەکا بۆ دەوڵەمەند و بە پیز کردنی رەخنە، پیشنیار و بابەتی بۆ رەوانە بکەن.

ئادرەسی پێوەندی: g.yekbun@hotmail.com

ئامادە کردن و پێشکەش کردنی : رەحمان نەقشی

کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون